# رێبازە پۆلێنسازییەکانی ژانر و فۆرماتی تەلەفزیۆنی لەسەردەمی فرەمیدیایی دا

توێژینەوەیەکی شیکاری بۆ بەرنامەی تەلەفزیۆنی کەناڵە کوردییەکان

کۆڤان حسین سعدو (خوێندکاری دکتۆرا)
Kovan.saado@univsul.edu.iq
بەشی راگەیاندن/کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/زانکۆی سلێمانی

پ.د.ابتسام اسماعیل قادر
Ebtisam.qadr@univsul.edu.iq
بەشی راگەیاندن/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤\٨\١

ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤\٨\١٩

**پوختە:**

تەنها دوو ڕێبازی سەرەکی بۆ پۆلێنکردنی ناوەرۆکی تەلەفزیۆنی هەن؛ یان بە گوێرەی فۆرمات یان ژانر. ئەم دوو رێبازە بەپێی بابەت، مژار، رێسا بینینسازییەکان، وەگری ئامانجدار و شێوازی بەرهەمهێنان شرۆڤەو پۆلێنکاری بۆ بەرنامەکان دەکەن. بەهۆی گەشەسەندنی ژینگەی میدیاو خۆگونجاندن لەگەڵ توخمە میدیاییەکانی تر؛ ژانر و فۆرماتی تەلەفزیۆنی بەردەوام لە گۆڕان دان. **فۆرمات**، نەخشەقاڵبی دووبارە بەرهەهێنانەوەیە، ڕەچەتەیەکە رێساکانی بەرهەمهێنانەوەی بەرنامەیەکی دیاریکراو لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە لە خۆ دەگرێت؛ فۆرمات لە هەر ناوچەیەک بڵاوبێتەوە ڕەنگ و بۆنی شوێنەکە دەگرێت. **ژانر** تەنێکی ئاڵۆزە بەردەوام دەگۆردرێن ، بەشێکیان لە ژانرە پێشینەکان بەکەمێک گۆرانکاری و تایبەتمەندی تازەوە دێنەبوون ،هەندێکیشیان زادەی ئاوێتەبوونی دوو ژانر، یان بەریەکەوتنی دوو میدیان جیاوازن.ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکی زانستییە بۆ پێداوچوونەوە بە رێبازەکانی پۆلێنکاری بەرنامەی تەلەفزیۆنی، لەو دیدگایەی کە چیتر رێبازە باوەکانی پۆلێنکاری بۆ سەردەمی ئەمرۆ میدیا شیاو نین؛ چونکە لەم سەدەمی میدیائاوێزانیدا (Intermediality) ماکەپێکهێنەرەکانی ژانری تەلەفزیۆنی لە گۆرانی ریشەیی دان و بەردەوام بە دوای فۆرمەڵەی نوێ دا دەگەرێن. بەمیتۆدی شیکاری وەسفی ناوەرۆک، شیکردنەوە گۆرانکارییەکانی ژانر و فۆرماتی بەرنامەناوخۆییەکانی کەناڵی کوردسات لە ماوەی ٢١ ساڵی رابردوودا، دەگاتە بە ئەنجامەی کە کەناڵە کوردییەکان تا ئەمرۆ لە ژێر هەژموونی توخمە میدیاییە کۆنەکان بە تایبەت رادیۆ کاردەکەن و هێشتا خۆیان رزگار نەکردووە لە ژانری گفتوگۆئامێز و کەمترین پانتای بۆ ژانری نوێ و فۆرماتی تەلەفزیۆنیان بەرجەستە کردووە.

**وشە سەرەکییەکان:** ژانر، فۆرمات، پۆلێنسازی ناوەرۆک، بەرنامەی تەلەفزیۆنی، میدیائاوێزان

**پێشەکی:**

بایەخی ئەکادیمیا بۆ بەرنامەی تەلەفزیۆنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نەوەتەکان. ئەو دەمەی توێژەرانی میدیایی گەیشتنە ئەو بروایەی بەرهەمهێنان بەرنامەی تەلەفزیۆنی بە هەموو شێوازەکانی بەرجەستەکردن/ وەرگرتن (adaptation)* و بەرهەمهێنانەوە (remake)ی بەرنامەکان، کاریگی رێکەوت وهەرەمەکی نییە(Esser, 2013). هێدی هێدی توێژینەوەی زانستی لەبارەی فۆرمات، ژانر و پرۆسەی بەرهەمهێنانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی زیدەبوون، بەڵام هێشتا لە ڕووی ئەکادیمییەوە لە قۆناغی گەشەسەندن دایە و پێویستی بە چاندن و پێشخستنی تیوری و ڕێبازنامەی نوێ هەیە.سەرەرای بەرفراوانبوونی کایەی توێژینەوەی ئەکادیمی لەبارەی تەلەفزیۆن؛ تیوریزەرکردنی بەرنامە و فۆرماتی تەلەفزیۆن هێشتا وەك پێویست نییە (Oren, 2012, p.366). بابەتی رەچەڵەکی توخمە نوێیەکان لە هەر کایەك دا بێت بابەتێکی مشت ومڕئامێزە، پرسی جیاواز دەخەنەڕوو. نوێبوون، بۆ خۆی ریشەیی نییە. ژانر تەنێکی نوێ نییە بەڵکو جۆرێکی نوێیە. شتە نوێیەکان تەنیا لە هەندێ وردەکاری وتایبەتمەندیدا لەوانەی پێش خۆیان جیاوازن، نەك لە جەوهەری بوونیاندا(Scolari,2013). بەواتەکی تر لە ئەنجامی گۆرانکاری توخمەکانی پێشتر دروستبوون نەك سەرهەڵدانی توخمێکی تەواو جیاواز و سەربەخۆ .کەواتە هەر ژانرێکی نوێ قەرزاری ژانرەکانی پێش خۆیەتی. پێشبینی و راڤەمان بۆ توخمە نوێیەکان بە هەمان شێوە شتێکی نوێ نییە؛ بەڵکوو شەنگستێکی پێشینەی هەیە و لەسەر بنەمایی تێگەیشتنمان بۆ توخمەکانی پێشتر پێکدەهێنرێت. بۆ ئەوەی لە کایەی گۆرانە کولتوورییەکاندا تێگەیشتنێکی لۆجیکمان هەبێت بۆ توخمە نوێیەکان، پێویستە سەرنج وبایەخی زیاترمان لەسەر سەرهەڵدانی ئیپستیمۆلۆجیایی بێت نەك ئۆنتۆلۆجی. لە کایەی کولتوور دا ئەستەمە بگرە هەوڵێکی بێهوودەش دەبێ سەرنجمان لەسەر سەرهەڵدانی ئۆنتۆلۆجی بێت چونکە ئەوەی پێی دەوترێت کیان/توخمە نوێیەکان لە پێشدا پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتین؛ لەڕووی ئۆنتۆلۆجییەوە دیاردەیەکی هزری ـ کولتوورین، نموونەیەکن لە مانا کۆمەڵایەتییەکان(Miller,2017). پێدەچێت کەم تا زۆر بتوانرێت وردەکاری وتایبەتمەندییەکان توخمێکی کولتووری نوێ دیاریبکرێت بەڵام ئایا ئەمانە ژانرێکی نوێی سەربەخۆ پێك دەهێنن؟ بۆیە لەڕووی ئۆنتۆلۆجیاییەوە هێندی بایەخی نابێت بەڵکو لە ڕووی ئیپستیمۆلۆجیە گرنگە لە بوونی توخم/ژانرە نوێیەکان بکۆڵینەوە. دەشێ ئەمە بۆخۆی کرۆکی جیاکردنەوەی توێژینەوەی کولتووری و میدیاییەکان بێ لە کایەکانی تر؛ سەرهەڵدانی توخمە نوێیەکان لەم کایەدا وەك دۆزینەوە ئەستێرەیەك یان پێکهاتەکی نوێی کیمایی نییە (Ibid,2017)لە کاتێکدا زۆربەی ژانرەکانی فیلم و تەلەفزیۆن لە ئەدەب و هونەرەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام ژانری تەلەفزیۆنی و سینەمایی بە حوکمی تایبەتمەندی سیستەمی پۆلێنسازی و بونیادی رێزمانیانەوە، خۆیان لە بوارەکانی تر جیا دەکەنەوە.لە بنەرەتدا ماکەپێکهێنەرەکانی ژانرەمیدیاییەکان بەردەوام لە گۆران دان؛ چونکە سوود لە تێکشکاندنی ژانرەکانی پێشوو وەردەگرن؛ یاخود لەگەڵ ژانری تر یان تەکنەکۆژیای نوێ ئاوێتەدەبن. بۆیە لە کایەی پیشەسازی تەلەفزیۆنی دا هەمیشە لەناکاو بەرنامەیەکی نوێ دروست دەبێت کە ناچێتە خانەی هیچ جۆرە فۆرم و پۆلێنێکی تەقلیدییەوە و خۆی لە هیچ پێناسەیەکی باودا نابینێتەوە.

---

* لە پیشەسازی فیلم و تەلەفزیۆن دا(Adaptation) ئاماژەیە بۆ پرۆسەی وەرگرتنی دەق/تێکست لە میدیا یان ژانری ترەوە و گونجاندنی لەگەڵ میدیا نوێ دا. لە زمانی کوردی هاوواتای دەقی وشەکە نییە بۆیە وشەی گونجاندنی بۆ بەکاردەهێنرێت، بەڵام پرۆسەکە تەنها گونجاندن ناگرێتەوە، بەڵکو ( وەرگرتن ، گۆراندن و گونجاندن)دەگرێتەوە. بۆ نموونە وەرگرتنی دەقێکی ئەدەبی و گۆراندنی بۆ فیلم، شانۆ و بەرنامەی تەلەفزیۆنی . لێرەدا پرۆسەیەکە هێمایە بۆ گۆرانکاری دەق و گونجاندنی لەگەڵ توخمێکی تری میدیایی.

چەمکەکانی فۆرمات و ژانر پرسی جەوهەری دەوروژێنێن، بەوەی داخۆ ژانرە نوێیەکان لە کوێوە سەرچاوە دەگرن؟ هەگبەی توێژینەوەکانی بوارەکە چ سیستەمێکی پۆلێنسازی پێشنیار دەکەن بۆ ناوەرۆکی تەلەفزیۆنی؟ ئایا ڕێبازە باوەکانی پۆلێنکاری ناوەرۆکی میدیای بۆ ژینگەی ئەمرۆی گونجاون؟ لە ناوخودی کایەکەدا، ڕێزمانی بینینسازی* تەلەفزیۆنی چ فۆرمۆلایەك پێشنیار دەکات بۆ جیاکردنەوە بەرنامەیەك لە بەرنامەیەکی تر؟ کەناڵە کوردییەکان لەڕووی ژانر و فۆرماتی نوێیەوە لە چ دۆخێکدان؟ ئایا کەناڵە کوردییەکان هاوتەریب لەگەڵ گەشەسەندنی ژانری تەلەفزیۆنی بایەخ بە ژانرە نوێ و لێکدراوەکان دەدەن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، ئەم توێژینەوەیە شرۆڤەیەکی تیوری لەبارەی ژانری تەلەفزیۆن دەخاتەڕوو، پاشان ئەو مۆدێلە پۆلێنسازییەی ژانرەکان دەخاتەڕوو کە چیر شیاو نییە بۆ ژینگەی ئەمرۆی میدیا. چونکە بەهۆی گۆڕانی بەردەوامی ژینگە و بەریەکەوتنی میدیاکان، جۆر تێکشکاندنێک لە ژانرەکان بەدی دەکرێت و بەردوام ژانری سەربەخۆی نوێ سەهەڵدەدەن. لە بەشی کۆتای دا شیکارییەکی وەسفی بۆ ژانرە و فۆرماتەکانی کەناڵە کوردییەکان دەکات لە ڕێگەی شیکاری ناوەرۆکی کەناڵی کوردسات لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا.

**ژانر چی یە؟**

ژانر یا ژانرا (Genre) لە بنەرەتدا وشەیەکی فەرەنسیە بە واتای : جۆر، شێواز، چەشن دێت(Genre, n.d.) . تێرمێکە بۆ ناساندنی بەرهەمەکان؛ پۆلێنێکە بۆ جیاکردنەوەی بەرهەمەکان لە یەکتری ودیاریکردنی تایبەتمەندییە جیاوازەکانیان. ژانر چەمکێکی فرەچەشنە و ئالۆزە، چونکە تەنیا دەقەکان ناگرێتەوە بەڵکوو مووزیك، کەڤاڵی شێوەکاری، سەما، شانۆ، تەنانەت بەرهەمە زارەکییەکانیش وەك ژانر پۆلێن دەکرێن. بەدەر لەوەش بەشێك لە بەرهەمەکان هەڵگری زیاتر لە یەك ژانرن یا خۆیان لە ژێر چەتری ژانرە باوەکاندا خۆیان نابینەوە بەڵکوو جۆرێ تێکشکاندن لە ژانرەکاندا دەکەن و وردە ژانر (Subgeneric) و ژانرەی فرەڕەگ دەهێننە دی. لەلایەکی ترەوە دەکرێ چەمکی ژانر وەك چەمکێکی دیمۆکراسی دابنرێت بەوپێیەی وەرگر بانگ دەکات بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە پرۆسەی درستبوونیدا بەشدار بێت؛ بەرینتر بڵێن، خواستی وەرگر پاڵنەری سەرەکی سەرهەڵدانی ژانری نوێیە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەدەر لە ڕێکارەکانی پرۆسەی بەرهەم هێنان،کۆمەڵێك نۆرمی کەلتووریش بەشدار دەبن لە پرۆسەی بە ژانرکردنی بەرهەمەکان. ئەگەر بابەت/تێما ماکی سەرەکی جیاکردنەوەی بەرهەمەکان بێت، کەواتە تایبەتمەندی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لە ڕووی پێکهاتە و ڕێزمانی بینینسازییەوە وادەکات پۆلێنسازیەکی جیاوازتر لە ئەدەب بۆ پەیرەوبکرێت، بەڵام لە ناو خودی کایەکەدا، ڕێزمانی بینینسازی چ فۆرمۆلایەك پێشنیار دەکات بۆ جیاکردنەوە بەرنامەیەك لە بەرنامەیەکی تر؟

**ژانرەکان لە کوێوە دێن؟**

لە مێژوودا دوو هزرڤان ئەم پرسەیان وروژاندووە، لە کایەی توێژینەوەی ئەدەب دا سڤێتان تۆدۆرف و لە کایەی توێژینەوەی فیلم دا ریك ئاڵتمان. ئەم دوو توێژەرە هەر یەکێکیان لە دیدگایەکی زۆر جیاوازەوە شرۆڤەی ژانرەکانیان کردووە. تۆدۆرف لە توێژینەوەیەك دا لە ساڵی١٩٧٦ بە ناوی (رەچەڵەکی ژانرەکان)* لەبارەی ئەوەی ژانرەکان لەکوێوە سەرچاوە دەگرن؟ دەڵێت: "بۆچی زۆر بە سانایی نەڵێین لە ژانرە ترەوە"(Todorov,1976,P.161). بەواتایەکی تر هیچ ژانرێك سەربەخۆ نیە بەڵکو زادەی ژانرەکانی پێشخۆیەتی. هەمیشە ژانری نوێ زادەی گۆڕانکارییەکانی ژانرێك یان چەند ژانرێك کۆنە، لە ڕێگەی ئاوەژوویی، جێگرتنەوە یان ئاوێتەبوونەوە دروست دەبن. هەڵبەتە ئەم وەڵامە نزیکە لە دیدگایی

* Visualization
* The Origin of Genres

sjh@univsul.edu.iq

فاوڵەر کە دەڵێت " لە ئەدەب دا هیچ ئافراندنێك لە نەبوونەوە نییە)**. ژانرە نوێیەکان یا هەر ژانرەکانی کۆنەکانن و گۆردراون بۆ تەنێکی تر یاخود پێکهاتەیەکن لە ماك و رەگەزەکانی ژانرەکانی تر" (Fowler 1982, p.156). زۆر توێژەری تر پێش و دوایی تودۆرۆڤ لەوانە (باختین،١٩٨٦؛ دیڤیت،٢٠٠٤؛ فاولەر،١٩٨٢؛ جەیمیسۆن،١٩٧٥)- ئەوەیان خستووتەڕوو کە هەر ژانرێکی نوێ ئەگەر زادەی ژانرەکانی پێش خۆی نەبێت، بەجۆرێك لە جۆرەکان وابەستەیە پێیانەوە. لە بەرامبەر ئایدۆلۆژیا، دۆخ، ژینگە، تەکنەلۆژیا، یان پێداویستییە نوێیەکان، سوود لە ئەزموون وسەرچاوە ڕیتۆریکییەکانی پێشووتر وەردەگیرێت و توخمێکی نوێتر دەهێنێتەوە ئاراوە(Miller & Kelly, 2016 P.7) . لێرەوە ئەوە روون دەبێتەوە کە " لە راستی دا ژانرە نوێیەکان ژانرێکن پێشتر هەبوون"، بە واتایەکی تر 'ژانرە پێشینەکان' ژانرێکن پێشتر بوونیان هەبووە، گەشەیان کردووە بۆ شتێکی نوێ ، کەم تا زۆر بە شێوەیەکی دراماتیك شێوەیان گۆڕیوە(Popken 1999,p.105). گۆڕان و سەرهەلدانی ژانرێك لە ژانرێکی ترەوە بەزۆری زادەی پێویستییەکی باوە یا پرۆسەیەکی چەندبارەبوونەوە. خواستی وەرگر بۆ ژانری نوێتر، یەکێکی ترە کە پاڵنەرە بەهێزەکانی سەرهەڵدانی ژانری نوێ. بە بڕوای ئەیمی دیڤت ژانرە کۆنەکان و خواستە نوێیەکان شانە بەشانی یەك کاردەکەن و زەمینەی ڕێخۆشکەرن بۆ ژانرە نوێ دیڤت دەڵێت "پێداویستی نوێ وخواستە بەدینەکراوەکان، دەبنە هۆکارێك بۆ پێکهێنانی ژانرە نوێیەکان (Devitt,2004,pp.92-93). بەرینتر بڵێین ژانرەکان کاتێك سەرهەڵدەدەن کە خواستی نوێ لە لایەن وەگرەوە دروست بێت. لەم نێوەندەدا ژانرە نوێیەکان رەنگدانەوەی دۆخی ژانرەکان باوەکان وخواستەکانی وەرگرن. کەواتە ئەم گەنگاشەیە دەمانگەرێنێتەوە بۆ سەر دیگاکانی تودۆرۆڤ کە پێی وایە "بەسادەترین زمان، سەرچاوەیان ژانرەکان، گوتاری مرۆڤە"(Todorov,1976,p.169). دیوێکی تر کە باسەکەی تودۆرۆڤ پەیوەستە بە وتارەکەی باختین کە سەرنجەکانی لەسەر 'وتە'یە نەك 'ڕستە' ، باختین پێ وایە 'وتە' شەنگستی ژانرەکانە. لە هەمان کاتدا وتە بچینەی ئەو ژانرانەن کە لە پلەیەکی بەرزی کولتووری دا گەشەیان کردووە و رێکخراون (Bakhtin, 1986,62)، لێرەدا ژانرەکان بە زمانی خەڵکەوە دەبەسترێتەوە "ژانری ئاخاوتن پشتینەی پاراستنبوون لە مێژووی کۆمەڵگاوە بۆ مێژووی زمان" ( Ibid 1986,p.65). ئەم دیدگا تیورییانە بە تایبەت روانینەکانی تودۆرۆڤ لەبارەی سەرهەڵدان (emergence) یان گەشەسەند (evolution) ژانرەکانی وێنەیەکی زۆر ڕیتۆریکیمان پێدەبەخشێت لە بارەی سروشتی ژانرەکان بەوەی کە "ژانر بونیادێکە رەنگدانەوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتی – مێژووییەکانن" (Bawarshi,2016, P.90). توێژەری سینەمایی ریك ئاڵتمان لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە ژانرەکانی فیلم، هەمان پرس دەوروژێنێت سەبارەت بەوەی "ژانرەکان لە کوێوەسەرچاوە دەگرن؟ بەڵام بەپێچەوانە توێژەرانی پێش خۆی، ئاڵتمان گرنگی ژانرە پێشینەکان ڕەت دەکاتەوە و لەدژی ئەو گریمانە دەوستێتەوە کە سەرچاوەی هەر ژانرێک، ژانرەکانی پێش خۆی بێت. ئەو پێی وایە کە ژانری فیلم "لە ژانری میدیای دیکە وەردەگیرێن" یان " زادەی هاوسەرگیری نێوان فۆرمێکی کۆنی ژانر و فۆرمێکی نوێی تەکنەلۆژیا"یە(Altman, 1999,Pp.13-29) ئەم ئاوێتەبوونە یان یەکگرتنەوەیە، نموونەیەکی سەلمێنەرن لەبارەی گەشەکردن و دابەشبوونی ژانرەکان بۆ لق و پۆپی تر. ئاڵتمان دەڵێت لە مێژوودا بەرهەمێنەرە سینەماییەکان، فیلمیان بەرهەم هێناوە ودواتر بە دوای فۆرمۆلەیەکدا گەڕاون گەرەنتی سەرکەوتنی بەرهەمەکەیان بدات. ئاڵتمان دەڵێت "مێژووی دەستپێکردنی سینەما ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە ژانرەکان لە ژانرێکی دیاریکراو پێشخۆی وەرنەگیراوە بەڵکو لە چەند ژانرێکی ناپەیوەندیدارەوە" f(Ibid, 1999,Pp.13-29)

** no creation ex nihilo

**ڕووە کولتوورییەکانی ژانر**

ژانر، رەنگ و بۆنی ئەو شوێنە دەگرێت کە تیایدا بڵاو دەبێتەوە، ئەستەمە بەو فۆرمەی پێی دروستبوون بەردەوام بن، بەڵکوو بە هەمان شێوەی کات ؛ شوێنیش گۆرانکاری بەسەر ژانرەکان دەهێنێت. ژانری فیلمی ترسناکی-کۆمیدی یەکێکە لە باوەترین ژانرە جیهانییەکان تا ئەمرۆ لە کوردستان بوونی نییە، لە کاتێکدا ژانری وتارەفیلم (Essayistic) کە ژانرێکی نوێیە، لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان زۆر باوە، لە کەچی لە جیهاندا بایەخێکی ئەتووی نییە. بۆیە دەکرێ بڵێین ژانر وەك بارومەتری*سەرگەمییە کولتوورییەکانی هەر ناوچەیەکە. سەرگەرمییە کولتورریەکان ئەو چالاکییانە دەگرێتەوە کە خەڵك و میدیا پێوەی سەرقاڵن، و بە پێی ناوچە، شار ، وڵات دەگۆردرێن، لە هەندێ حاڵەتیش دا مورکێکی جیهانی وەردەگرن بۆ نموونە پێدەچێت بابەتی رجیم (Dieting) یەکێك بێت لەو بابەتانەی رۆژانەی لە میدیای زۆربەی وڵاتان هەیە. بەڵام لە رۆانگەی ئارت سیلڤەربلات توێژەری بواری ژانرە میدیاییەکان، سەرگەرمییە کولتوورییەکان ( Cultural Preoccupations) لە ئاست و پێگەی جیاواز دا روودەدەن و لە شوێنێکەوە بۆ شوێن دەگۆردرێن. بۆ نموونەی دیارترین سەرگەمییە کولتوورییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە رۆانگەی ئە پێك دێت لە :

- سێکس : بە هەموو جۆرەکانیەوە یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی میدیاکانی ئەمریکا بە تایبەت تەلەفزیۆن و سینەما.
- ڕواڵەت: یەکێکی تر لەو بابەتانەی خەڵکی بە شێوەیەکی گشتی و میدیا پێوەی سەرقاڵن ، بابەتی دەرکەوتنە، بە تایبەت لە ناو ژنان دا یەکێکە لە باوترینەکان.
- ناوبانگی : هێندە بابەتێکی بەربڵاوە لە نێو کولتووری ئەمریکا و ئەورۆپا کە نەك تەنها وەك ژانرێك لە میدیادا رەنگی داوەتەوە بەڵکوو میدیایی تایبەت بە خۆی هەیە، گازێت، رۆژنامەی زەرد و پاپاراتزی چەند نموونەیەکن لە ژانرە رۆژنامەییەکان کە تایبەتە بە هەواڵی کەسانی بەناوبانگ.
- تاوان (Crime) یەکێکە لە دیارترین سەرگەمییە کولتوورییەکان لە ئەمریکا، لە هەواڵێکەوە بگرە تا دەگاتە فیلمێکی سینەمایی بابەتە تاوانکارییەکان(Silverblatt,2007, p.107-110).

جەین فیور توێژەری میدیایی لە کتێبی خوێندنی ژانری و تەلەفزیۆن دا، ئەوە روودەکاتەوە کە " ئەو ڕێبازانەی لە راڤەکردنی ژانردا باس دەکرێن، دەشێ لە ژێر سێ ناودا پۆلێن بکرێن : ڕێبازە جوانناسییەکان(Aesthetic)، نەریت(Ritual)و ڕێبازە ئایدیۆلۆژییەکان (Ideological). گەرچی لە پراکتیکدا ئەم ڕێبازانە هێندە جیاواز نین؛ بەڵام دەکرێ وەک بنەمایەک بەکاربهێنرێن بۆ جیاکردنەوە و شیکردنەوەی ڕێبازە فرەچەشنەکانی ژانر سینەمایی و تەلەفزیۆنییەکان. ڕێبازی جوانیناسی: هەموو ئەو هەوڵانە دەگرێتەخۆ کە بۆ پێناسەکردنی ژانر دەدرێن بەو ژانرانەشەوە کە تەنها وەك گوزارشتێکی هونەری تاکەکەسی دادەنرێن. ئەم ڕێبازە ئەو ڕێکارانەش لە خۆدەگرێت کە بۆ هەڵسەنگاندنی کارێکی تاکەکەسی دەدەرێن بۆ ئەوەی بزانرێت کارەکانی دەچێتە خانەی ژانرێکی دیاریکراوە، یاخۆد لە دەرەوەی ڕێسا

* بارومەتر (barometer) ئامێر پەستانپێوی کەشوهەوایە ، بە گونجاوم زانیوە لە میدیا و کولتوور دا بەکاری بهێنم بەوپێیەی، بارومەتر چاودێری گۆرانگارییەکان ژینگە دەکات ، هەروەك چۆن ئەم تێزەش لە گۆرانگاری ژینگەی میدیایی دەکۆڵێتەوە.

باوەکانی ناساندنی ژانرەکان دەوەستێتەوە.ڕێبازی نەریتی: ژانر وەك کاڵایەك دەبینێت کە لە نێوان پیشەسازی و بینەردا ئاڵوگۆڕی پێ دەکرێت؛ جۆرە ئاڵوگۆڕێك کە لەوێوە کولتوورێك زاڵ دەبێت و دەدوێت. (Feuer, 1992) ڕێبازی ئایدیۆلۆژی: وەك ئامرازی کۆنترۆڵکردن تەماشایی ژانر دەکات. لە پیشەسازی میدیاییی دا، ژانرەکان دڵنیایی دەدەنە ڕێکلامکاران کە پەیامەکان وەك خۆیان و کاریگەریشیان دەبێت لەسەر وەرگر. لە ئاستی دەق دا، ژانرەکان ئامرازێکن کە هەڵگری ئایدۆلۆژیان و خزمەتی ئایدیۆلۆژیای باڵادەستی سیستەمی سەرمایەداری دەکەن. ژانر فاکتەرێکە بۆ ئاساییکردنی ئایدۆلۆژیای باڵادەست لە کۆمەڵگادا. (Jensen& Helles, 2011). هەردوو توێژەر نیوکەم و هێرچ لە توێژینەوەیەک دا بە ناوی *تەلەفزیۆن وەک کۆربەندێکی کولتووری** ئاماژە بەوە دەکەن کە تەلەفزیۆن شوێنێکە بۆ دانوستاندن لەبارەی بیروباوەڕ وئاڵوگۆڕی بەها هاوبەشەکان کە یارمەتیدەرە بۆ پاراستن و نوێکردنەوەی نەزمە کۆمەڵایەتییەکانی و هەروەها خو گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا (Newcomb & Hirsch, 1983)

## ژانر و فۆرماتی تەلەفزیۆنی

**-یەکەم: ژانر**

ناوەرۆکی تەلەفزیۆن لە هەر چەشن و جۆرێک بێت بە ژانر پۆلێن دەکرێت؛ تایبەتمەندی بەرنامەی تەلەفزیۆن (دەق، مژار، وەرگری ئامانجدار وکارلێك) هەموویان لە بونیاتنانی ژانردا بەشداردەبن، دواجار یا خۆیان لە خانەی پۆلێنی زانیارییبەخش (Factual)، چیرۆکەخەیاڵ (Fictional)، یاخود فرەرەگ(Hybrids) دەبیننەوە و بە جۆرێك بە جۆرەکان لەلایەن وەرگرەوە راڤەدەکرێن. گەرچی وەرگر ئاشنایەتی لەگەڵ بەشی زۆری ئەو بەرنامانە هەیە، بەڵام کە دێت سەر ژانرە نوێیەکان، پێویستی بە هۆکاری یارمەتیدەر بۆ تێگەیشتن لێیان. بەشێك لەو بەرنامانە چێوەیەکی راڤەکاری بۆ وەرگر دابین دەکات کە پێێ دەوترێت (Textual schemata)* بەشێکە لە پێشبین و لێکدانەوەکان وەرگر بۆ ئەو بەرنامە؛ لەسەر بنەمایی ئەزموونە پێشوویان لەگەڵ تەلەفزیۆن کە تێگەیشتن و لێکدانەوە بۆ بەرنامە تازەکان دروست دەکەن، بە تایبەت ئەو ژانرانەی دوو/فرەرەگن وەک دۆکیۆدراما، دۆکیۆسوپ یان ئاوێتەی چەند ژانرایەکن ,*Textual Schemata*) (.n.d. لە هەندێ حاڵەتدا ژانرایە زادەیی کولتوورێکی دیاریکراوی ناوچەیەك/سەردەمێك. بۆ نموونە لە شەستەکانی سەدەی رابردوو بە تایبەت لە وڵاتی بەریتانیادا جۆرە دۆکیومنێنتارییەکی سەریهەڵدا بەناوی دۆکیۆمێنتاری نووسەر (Authored documentary) کە لە وڵاتانی تر هێندە بڵاو نەبوو، کە بە پێچەوانەی وردە ژانرە دۆکیۆمێنتارییەکانی تر لە چەشنی دۆکیۆمێنتاری چاودێری (Fly on the Wall** - گێرانەوەی ڕووداوەکان وەکخۆی)؛ دۆکیومێنتاری

---

* Television as a cultural forum

* (textual schemata) کلێشەیەکی هزرییە یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ ناسینەوەی فۆرم و ناوەرۆکی دەقە نوێیەکان؛ کە پشت بەستن بە ئەزموونی پێشووی وەرگر لە دەق و ژانرە میدیاییەکان و بەراوردکردنیان لەگەڵ دەقە کۆنەکان ، پێشبین و تێگەیشتنیان بۆ دەقە نوێیەکان دەخوڵقێنێت.

** (Fly on the Wall) ناوی دۆکیۆمێنتارییەکە لەو بیرۆکەوە هاتووە کە ڕووداوەکان بە نهێنی وەك کامێرای چاودێری تۆمار دەکرێن، وەك چۆن مێشێك لەسەر دیوارێك دیمەنەکان دەبینێت ، کامێراش هەمان رۆڵ بگێرێت. ناوەکە ئاماژەیەکە بۆ ئەو ئایدیایە کە ئەم جۆرە دۆکیۆمێنتارییە لە باشترین فۆرمەکان بەو پێەی کەمترین دەستکاری دەکرێت، تیمی کامێرا تا دەتوانن بەبێ دەستێوەردان کاردەکەن؛ بەڵام، هەروەها باو و ئاساییە کە بەشداربووان چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکرێت.



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

نووسەر دەنگی نووسەر زاڵە، پێودانگی خودی تیایدا بەدی دەکرێت، چونکە ڕووداوەکان لەزار/دیدگای کەسێکەوە دەگێردرێتەوە.(*Schema Theory and the Interpretation of TV*, n.d.)

فۆرم و میتۆدەکانی بەرهەمهێنانی بەرنامە (هەواڵ، دۆکیۆمێنتاری ، هونەری و منداڵان) بەدرێژایی دەیان ساڵ گۆڕانکارییەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، هەروەك چۆن لە دراما و کۆمیدیادا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. هەندێك فۆرم، وەك (بەرنامەی بەیانیان) یان بەرنامەی (دانپێدانانی کۆمەڵایەتی) تاڕادەیەك تازەن، لە کاتێکدا هەندێکی تر مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ میدیایی تر و سەرەتایی سەرهەڵدانی تەلەفزیۆن. ئەگەر شتێك لە سەردەمی فرە میدیایی ئەمڕۆدا دڵنیابین لێی ، ئەوەیە کە ژانر و فۆرماتەکانی تەلەفزیۆن بەردەوام دەبن لە پرۆسەکانی گۆڕانکاری و ، گونجاندن ولەناوچوو دان . وەک کایە ، ژانر ئەو پانتاییە بەرفراوانەی ئەمڕۆیان نەبووە، بەڵکوو زادەی گەشەسەندنێکی بەردەوامن؛ بۆ نموونە (کۆمیدیا) و (تراژیدیا) بە بنچینەی ژانرەکان دادەنرێن، ئەمڕۆ هەر ئەو دوو ژانرە چەندین لق و پۆپی سەربەخۆ و لاوەکیان لێبووتەوە. وەك چەمك، ژانر تەنها هێمایەك نییە بۆ پۆلێنکاری بابەت وجیاکردنەوەی بەرهەمەکان، بۆ نموونە ئەرستۆ 'تراژیدیا' وەك نموونەیەکی ئایدیالی پێناسەی دەکات کە دەبێت بنەمایەکی پێوەری هەبێت بۆ هەر تراژیدیایەکی تر، بە واتایەی تر ژانر تەنها وابەستە ناکرێت بە دەقەوە، بەڵکوو ماك و فاکتەری تر لە پێکهێنانی دا بەشدار دەبن. پشت بەستن بە ئایدیاکانی ئەرستۆ، لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو، رەخنەگری ئەدەبی نۆرسرۆپ فرایا زیاتر پەرەی بە پۆلێنکاری بەرهەمە ئەدەبییەکان دا و بەسەر دوو پۆلێندا دابەش کر، کە پێی دەوترێت: ژانر(Genre) و شێواز(Mode). فرایا دەڵێت "رەخنەی تیوری ژانر لە ئەرستودا قەتیس ماوە" ئەو پێ وایە دەبێت جیاوازی زیاتر لە نێو بەرهەمەئەدەبییەکان بدۆزرێتەوە، بۆ نموونە پۆلێنکاری دەقە خەیاڵیەکان (Fiction) بە گوێرەی هێز وتوانای پاڵەوانی (Hero)، ئەو دەپرسێت ئایا پاڵەوان لە ئێمە بەهێزترە، لە ئێمە لاوازترە، یان هاوچەشنی ئێمەیە؟ ئەگەر وەڵامی ئەوەمان دەستکەوت ئەوکاتە بریار لەسەر ئەوە دەدرێت ئایا ژانرەکەی ئەفسانەیە، رۆمانسی، تراژیدیا، کۆمیدیا، ریالیزم؟ بە واتایەکی تر بەندە بە پەیوەندی نێوان پاڵەوان و خوێنەر. ئەم رەخنەگرە هێما بۆ ئەوەش دەکات کە "گۆرانکاریی بەسەر ئەم شێوازەدا هاتووە بەجۆرێك لەگەڵ چینی ناوەراست دا گونجێنراوە ، جۆرە لاسایەکردنێکمان پێ ئاشناکرا کە پاڵەوان یەکێکە لە ئێمە"(Frye, 1990, p. 33–35) .ئەو نەریت و مۆدێلە پۆلێنسازییانەی لە بواری ئەدەبی دا بەکاردەهێنرێن سوودێکی سنووورداری هەیە بۆ توێژینەوەی فیلم و تەلەفزیۆن. پۆلێنە ئەدەبییەکان پۆلێنێکی زۆر فراوانن. توخمە ئەدەبییەکان وەك دراما و شیعر، زادەی کولتوور جۆراوجۆرن، و بەچەندین سەدە دروست بوون. بە پێچەوانەوە، فیلم و تەلەفزیۆن هەم لە ڕووی کولتوورییەوە تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە و لە ڕووی کاتییشەوە هێندەی ئەدەب دێرین نین، بۆیە گەشەسەندنی ژانرەکان فۆرمی جیاوازی هەیە. جگە لەوەش، ژانرە ئەدەبییەکان تا ڕادەیەکی مۆرکێکی تیۆریین. ئەگەر بەشێکی ژانرەکان زادەی بیروهزری ڕەخنەگرەکان بن، ئەوا بەشەکەی تری لە کولتوورەوە سەرچاوە دەگرن. بەواتایەکی بەریتنتر بڵێن ژانرەکان زادەی پرۆسەی گەشەسەندنی کولتوورین، هاوشێوەیی پرۆسەی توخمەسازی بایۆلۆژی "بە بێ دورستکەر دروستبوون"* لە توخمەکانی پێشخۆی دروستدەبن و لەگەڵ توخمەکانی ئێستا ئاوێتە دەبن و ژانری نوێ ( ژانری سەربەخۆ، وردە ژانر) پێك دەهێنرێن (Miller & Kelly, 2016,p.7) . توێژەری سینەمایی ڕۆبەرت ستام، نکوڵی دەکات شتێك هەبێت بە ناوی ژانرەوە، ئەگەر هەشبێت تەنها دەستکردی ڕەخنەگرانە. ستام دەپرسێت ئایا"ژانرەکان لە ناو ژیاندا هەن، یاخود لەڕاستیدا رەخنەگران سازاندوویانە؟" هەروەها دەپرسێت: "ئایا

* Design without a designer

ژانرەکان پۆلێنبەندییەکی کۆتاییان هەیە یاخود لە بنەمادا بێکۆتایین؟'' ''ئایا جەوهەرێکی کاتبڕیان هەیە، یان گرێدراوی کاتن؟'' و ''ئایا ژانرەکان پەیوەستن بە کولتوورەکانەوە یاخود کولتووربڕن.(Stam, 2017,p.14)

بەشێك لە توێژەران دیدگای وردتریان هەیە بۆ پۆلێنسازی بەرهەمەکان، بۆ نموونە لیندا ویلیامز، 'جەستە' دەکاتە چەقی ناساندنی کۆمەڵێك بەرهەم، و ئەو پێی وایە کە بەرهەمەکان ( ترسناك، میلۆدراما وپۆرنۆگرافی) سەر بە ژانری جەستەن. لەبەر ئەوەی هەموویان بە مەبەستی وروژاندن بزواندنی جەستەی بینەر دروست کراون(Williams, 1991). بابەتی ترسناك بینەر رادەچەڵەکێنێ و جەستەی دەخاتە لەرزین یا خورپە بە دڵیاندا دەهێنێت، هەر بۆیە لە کاتی تەماشاکردنی فیلمی ترسناك دا وەرگر لەسەر لێواری کورسیەکە دادەنشێت. میلۆدراما کە ولیامز ناوی دەنێت بابەتی فرمێسکرێژ*، بینەرەکان دەخاتە حەسرەت و گریانەوە، کاتێك کاراکتەرێك رووبەڕووی بەدبەختی دەبێتەوە لە ڕووی دەروونیەوە بینەر خەمناك دەکات. پۆرنۆگرافیش** بۆ ئەوەیە کە هەستی سێکسی لە بینەرەکانیدا بزوێنێت. بەشێکی تر لە گرفتەکانی ژانرەکان ئەوەیە کە بەردەوام لق و پۆپیان لێدەبێتەوە، وردە ژانرکانیش دابەش دەبن بۆ مایکرۆژانر. مایکرۆژانر بریتییە لە پۆلێنکردنێکی زێدە بەرترسك وتایبەتمەند بۆ بەرهەمە کولتووری و میدیاییەکان. مایکرۆژانر تێرمێکی لێکدراوە لە هەردوو وشەی (Micro) و(genre) پێك هاتووە، گەرچی تێرمەکە وابەستەی سیستەمی دیجیتاڵی کراوە کە میتۆدێکی ئەلگۆریتمی کۆمپیوتەرییە بۆ پۆلێنی بەرهەمەکان، بەڵام بەکارهێنانی مێژووی ئەم زاراوەیە دەگەرێتەوە بۆ پێش سەردەمی دیجیتاڵی، وشەی(Micro) ئاماژەیە بۆ وردبوون نەك مایکرۆی کۆمپیوتەری. جۆناسان گودوین لەبارەی ئەم پۆلێنکردنە جەخت لەوە دەکاتەوە کە مایکرۆژانرەکان لە بنەڕەتدا دیجیتاڵین، بەڵام چەندین بەکارهێنانی تێرمی "مایکرۆژانر" دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکاندا پێش هاتنی سەردەمی دیجیتاڵی ، کە نووسەر و رەخنەگرە ئەدەبییەکان وەك میتۆدێك بۆ تایبەتمەندکردنی ژانرە تایبەتەکان بەکاریان دەهێنا. تەنانەت لەبەرامبەر تێرمی ''مایکرۆژانر'' ، ''ماکرۆژانر – واتە گەورەژانر، هاتووە(O'Donnell & Stevens A, 2020, p.190).ئەم سیستەمە کۆمپیوتەریی پۆلێنسازییە بە شێوەیەکی دیجیتاڵی بەرهەمەکان بەسەر گروپەکان دابەش دەکات، و لەلایەن گەورەترین پرۆژە میدیاییەکان لەسەر ئاستی جیهانی پەیرەو دەکرێت .

**دووەم: فۆرمات**

فۆرمات وەك تێرم مێژوویەکی دێرینی نییە، لە ناوەراستی سەدەی نوزدەهەم دا لە زمانی فەرەنسیەوە هاتووتە ناو زمانی ئینگلیزی، دواتریش بە چەندین دەلالاتی جیاوازەوە گوزرایەوە بۆ نێو چەند زمانێکی تر، بەڵام زمانی ئینگلیزی یەکەم زمان بوو کە واتای میدیا بەخشییە وشەی فۆرمات و وابەستەی کرد بە ناوەڕۆکی میدیاوە(Moran, 2009). وشەی ( فۆرمات ) پێش تەلەفزیۆن وەك تێرم لە میدیای نووسراوە دا بەدیاریکراویش لە چاپەمەنی دا بۆ قەبارەی لاپەرە بەکار دەهات، و لە داوی پاشان لە تەلەفزیۆن مانای تەکنیکی پێ بەخشرا و وەك تێرمێکی کۆمپیوتەریش بەکارهات.فۆرمات وەک وشە سیانزە هاووتای هەیە (Ibid, 2009,p258) بەڵام لە بەرهەمهێنانی میدیادا بەگشتی و بەتایبەت بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی وشەی ( فۆرمات) بۆ دوو لایەنی جیاواز بەکاردەهێنرێت لایەنی تەکنیکی و لایەنی ناوەڕۆك.

* Weeping
** Pornography

sjh@univsul.edu.iq

**یەکەم: لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:**

لە پیشەسازی میدیادا بەگشتی، قاڵبە دیزاینی پێکهاتە و ستایلی بەرهەمێکی دیاریکراوی میدیاییە. لە رادیۆ و تەلەفزیۆن دا، نەخشەپلانێکە ناوەڕۆك، فۆرم، دیزانی بەرنامەیەکی دیاریکراوی تەلەفزیۆنی فۆرمولە دەکات. لەساڵانی رابردوودا ، فۆرمات، وەك پرۆسەیەک مامەڵەی لەگەڵ کرا؛ کە نەخشەی بەرهەمهێنانەوە لە ڕووی ڕێکخستن، دیزاینی سێت و مووزیک...تاد بەئامادەکراوەی پێشکەش بە لایەنی پەخشکار دەکرێت بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوە ( Bignell & Woods, 2022,p.138) نموونەیەکی بەرچاوی لەو چەشنە فۆرماتە تەلەفزیۆنیانە، بەرنامەی ( کێ دەیەوێت ببێتە ملیۆنێر) کە پاش ئەوەی لە وڵاتی بەریتانیا پەخش کرا لە چەندین وڵاتی تری جیهان دووبارە بەرهەم هات.

دووەم: لەڕووی تەکنیکەوە: تێرمێکی ئەندازیاری تەلەفزیۆنییە بەرکادێت بۆ:

1. قەبارە جیاوازەکانی شاسە وەک(PAL) و(NTSC)...تاد.
2. تۆماری ڤیدیۆ(Digi Beta) ، (VHS) لە هەمان کاتدا وەك تێرمێکی تەکنیکی بەکاردەهێنرێت بۆ جۆری فایلی وێنە ، دەنگ و ڤیدیۆ (Oxford, n.d).

- **فۆرماتی تەلەفزیۆنی**

لەسەر ئاستی ئەکادیمیا، فۆرمات، یەکێک لە باوترین ڕێبازە سەرەکییەکانی پۆلێنکردنی ناوەڕۆکی تەلەفزیۆنی بۆ ناساندنی بەرنامەکان لە ڕووی ستایل و رێسای بەرهەمهێنان. لە بنەرتدا ژانر وفۆرمات دوو سیسەمی پۆلێنسازی جیاوازن؛ ژانر وەك ماتریال (substance) بەرنامەکان پۆلێن دەکات بەڵام فورمات لەسەر بنەمایی بونیات (structure) ، لەسەر ئاستی پیشەسازی فۆرمات، نەخشەپلانێکە ناوەڕۆك، فۆرم، دیزانی بەرنامەیەکی دیاریکراوی تەلەفزیۆنی فۆرمولە دەکات، هەروەك ڤان مانین لە زاری بەرهەمهێنەرێکی تەلەفزیۆنەوە بە دەربڕینێکی بەرینتر ، دەڵێت فۆرمات " تویکڵەکە هەمان شتە، بەڵام کاکڵەکەی دەگۆڕێت" کەواتە ڕووی بەرنامەکە هەفتانە هەمان شتە بەڵام ناوەخنەکە دەگۆڕێت(Moran,2009, p.258).

موران فۆرماتی تەلەفزیۆنی بەم شێوەیە پێناسەی دەکات " کۆمەڵێك توخم (ماك)ی نەگۆرن لە بەرنامەیەك دا کە تۆخمە گۆردراوەکانی ئەڵقەیەکی لێ بەرهەم دەهێنرێت" لێرە دا فۆرمات وەك رەچەتەی چێشتلێنانە*. لە پیشەسازی تەلەفزیۆنی دا بەو بەرنامانە دەوترێت فۆرمات کە بیرۆکەکانیان هەناردەی سنورەکانی دەرەوەی خۆی دەکرێت و بەپێی کەلتوری ناوخۆی وڵاتان بەرهەم دەهێنرێنەوە. بەپێی ئەو ئامارانەی لەبارەی بازرگانی فۆرماتی تەلەفزیۆنی بڵاوکراونەتەوە ساڵی 2012 لە سەدا پەنجا (50%)ی فۆرماتی گڵۆباڵییە تەلەفزیۆنییەکانی لە بەرتیانیاوە سەرچاوەیان گرتووە. کە ژمارەیەکی گەورە بۆ دوورگەیەکی وەها بچووك(Keinonen, 2016). بەشی زۆر توێژەران لە پێش هەمووشیانەوە هەیدی کەینۆنێن پێشنیاری ئەوە دەکات کە بۆ فەراهەمکردنی تێگەشتنێکی تەواو لە بارەی فۆرماتی تەلەفزیۆنی پێویستە لە دیدگایەکی کولتوورییەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت، چونکە خۆدی فۆرمات پرۆسەیەکە کە تیایدا دانوستانی کولتووری ڕوودەدات و لە نێو پێکهاتەکانی دا فۆرمی کەلتووری نوێ بەرهەم دەهێنرێت و کاریگەری لەسەر هەرسێ ئاستی (بەرهەمهێنان، دەق و وەرگرتن) دروست دەکات بۆیە کەینۆنێن ئاوێتەکردنی رێبازی فرەچەشنە بە پێویست دەزانێت بۆ راڤەکردنی فۆرماتەکان

* Recipe

(Keinonen, 2016, P.9). تویژەری بواری فۆرماتی تەلەفزیۆنی جین کەی چەلەبی سێ رەهەندی فۆرماتی تەلەفزیۆنی دیاریدەکات کە لە چوارچێوەیان دا فۆرمات دروست دەبێت:

یەکەم: رەهەندی یاسایی فۆرمات کە بەرهەمهێنانەوەی پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتن هەیە.

دووەم: هەروەك مۆران پێناسەی دەکات فۆرمات (رەچەتە)یە کۆمەڵێك رێسا و پرەنسیپی نەگۆر لە خۆ دەگرێت بۆ چۆنیەتی بەرهەمهێنانەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کاڵایەکی سنوربڕە دەبێتە هەڵگری تایبەتمەندی کەلتووری.

سێیەم:فۆرمات میتودێکی بەرهەمهێنانە کە پرۆسەیەکی گەورەی گواستنەوەی "شارەزایی بەرهەمهێنان" لە خۆ دەگرێت (Chalabi, 2015)

**پۆلێنسازی بەرنامەی تەلەفزیۆن**

هەر شتێك لە تەلەفزیۆندا پەخش بکرێت ژانرە، هیچ بەرهەمێکی تەلەفزیۆنی نییە سەربەخۆ بێت و لە دەرەوەی ژانرەکان پێشکەش بکرێت. بەڵام لە پیشەسازی تەلەفزیۆن و سکرین بەگشتی (سینەما، تەلەفزیۆن، پلاتفۆرمی دیجیتاڵی) ژانر تەنها وابەستەی دەق نابێت، بەڵکو خودی پرۆسەی بەرهەمهێنانیش لە خۆدەگرێت. بۆ نموونە، چین ئەو فاکتەرانەی وادەکات کە زنجیرەیەکی کۆمیدی ماوەی ئەڵقەکانی 30 خولەك بێت بەڵام زنجیرەیەکی درامی نزیکەی یەک سەعات بێت؟ لە ڕووی بەرهەم هێنانەوە، بۆچی بەرهەمێکی کۆمیدی لەنێو ستۆدیۆ دا لە چەشنی شانۆیەک بە ئامادەبوون خەڵك بەشێوەی راستەخۆ پێشکەش دەکرێت، دواتر بەپرۆسەی پاش-بەرهەمهێنان دا تێدەپەرێت و دەخرێتەوە سەر شاشە؟ بەڵام زنجیرەیەکی درامی لە شێوەی فیلمێك دیمەن بە دیمەن وێنەگرتنی بۆ دەکرێت؟ زۆربەی کات بە یەك/دوو کامێرا بەرهەم دەهێنرێت؟ تەنانەت پێگەیان لە خشتەی بەرنامەکاندا دەگۆردرێت و پێشکەشکردنیشیان کاتی جیاواز دەکرێت، بۆ نموونە "ئەو بەرنامانەی لە بەیانیان دا پیشکەش دەکرێن لە شەواندا هیچ بینەر و کاریگەرێکیان نابێت، بە هەمان شێوەش ئەو بەرنامانەی لە شەوان پێشکەش دەکرێت بۆ کاتی بەیانیان گونجاو نین هەر بویە بەشێك لە بەرنامەکان لە خشتەی رۆژی لە بەیانیان و بەشێکیان لە دوای نیوەرۆوان پێشکەش دەکرێن لە کاتێکدا هەندێکیان تەنها ئێواران، شەوان پێشکەش بکرێن" (Silverblatt,2007,p.106). پۆلێنکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی بە پێی ژانر جگە لە نۆرمی کولتووری پەیوەستە بە کۆمەڵێك رێزمان و رێسای بەرهەمهێنانەوە. ئەم رێسایانە یارمەتی وەرگر دەدەن بۆ تێگەیشتن لە سروشتی و پەیامی بەرنامەکان. لە پرۆسەی بینینسازی دا و بەپێی کۆمەڵێك کۆد و رێسایی تایبەت بە بەرهەمهێنانەوە پێشبنییەکانی دروست دەبن، بۆ نموونە کۆمیدیا بە چەند هێما و کۆدێك جیادەکرێتەوە لە ژانرێکی تر. ژانری فیلم و تەلەفزیۆن بە تایبەتمەندی وەک رێبازی پۆلێنسازی* و پێکهاتەی رێزمانیان جیادەکرێنەوە لە کایەکانی تر. ئەگەر لە ڕووی بابەت و تیماوە هاوچەشن بن لەگەڵ ئەدەب ئەوا لە ڕووی تایبەتمەندی بینراو و بیستراوەکان خۆیان جیادەکەنەوە. هەر ئەو تایبەتمەندییانەش وا دەکات ژانرەکانی فیلم و تەلەفزیۆن رێبازی پۆلێنسازی جیاواز لەخۆ بگرن بە جۆرێك لە جۆرەکان لە هاوتا ئەدەبییەکانیان بە تەواوی جیاواز بن. چونکە بەپێی سروشتی خۆی، تەلەفزیۆن پێداچوونەوە بە پێکهاتەی ژانرەکانی تر دەکات و تەنێکی

* taxonomy

نوێ لێ بەرهەم دەهێنێت، کەهەندێ توێژەر لەژێر ناوی( mash-up) پۆلێنی دەکەن وەك تایبەتمەندییەکی تری پۆستمۆدێرن کە هەڵوەشانەوە بۆ پێکهاتەی ژانرە باوەکان دەکات . بەڵام ئەم گۆرانکارییانەی بەشێکن لە پرۆسەی گونجاند و گونجاندنی تەلەفزیۆن، بە پێی سروشتی خۆی ماکەپێکهێنەرەکانی ژانرەکان دەگۆرێت. لەم بەشەدا دوو مۆدێلی جیاواز سەبارەت بە پۆلێنسازی بەرنامە تەلەفزیۆنی دەخرێتەڕوو: یەکەم، مۆدێلی پۆلێنکاری ژانرە باوەکانی تەلەفزیۆنە، ئەو ژانرانە لەخۆدەگرێت کە تا ئەمرۆش بەشێک لە ناوەرۆکی تەلەفزیۆن پێک دەهێنن.

دووەم: پۆلێنکاری ژانرە نوێیەکانی تەلەفزیۆن کە لە ژینگەی ئەمرۆی فرەمیدیا دا دروستبوون و ئێستا وەك ژانری سەربەخۆی تەلەفزیۆنی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت بەڵام لە بنەرەتدا زادی بەریەکەوتنی دوو ژانرە جیاوازن، یان دوو میدیا یا خود ژانر و میدیایەکی جیاواز پێکهێنراون.

**یەکەم: پۆلێنکاری ژانرە باوەکانی تەلەفزیۆن:**

بەشی زۆری بەرنامەکان ئەم پۆلێنە لەژێر چەتر واقیع (factual) خۆیان دەبیننەوە، کە لە فاکت/زانیارییەخشەکان پێک دێن کە لەژێر کاریگەری توخمە میدیاییەکان پێش خۆی بە تایبەت رادیۆ و رۆژنامە پێکهاتوون. (Bignell & Woods, 2022)، (Government of Canada, 2002) ,(Creeper, 2015) پۆلێنکاری ژانرە باوەکان لە دیدی ئەم توێژەرانە بەم شێوەیە:

1. هەواڵ: گەشتی هەواڵەکان ، هەواڵی بەپەلە و سەردێر، راپۆرتە هەاڵ و وفیچەر. ئەو بەرنامانەی تایبەتن بە روماڵی رووداوی ناوخۆیی، هەرێمایەتی ، نیشتمانی و نێودەوڵەتی. بەرنامەی کەش وهەوا و رووداوی وەرزییەکان.
2. شیکاری و لێکدانەوە: بابەتگەلێکی جۆراوجۆر وەك شیکاری و گفتوگۆ لە خۆدەگرن، بۆ نموونە بەرنامەی دیالۆگ و پانێڵ، شرۆڤە و شیکاری، کاروباری هاوڵاتیان.
3. فیلمی دۆکیومێنتاری درێژ: پشت بە دەقی خەیاڵی نابەستن، زانیاری بەخشن بۆ مەبەستی پەروەدە و رۆشنبیریی بەرهەمدەهێنرێن. لە زۆر حاڵەت دا ئەم بەرنامانە شیکارێکی رەخنەیێ قوڵ لە خۆ دەگرن بۆ بابەتی جیاواز .
4. رۆماڵ و رووداوەکان(Actualities) :ئەو مەتریالە تەلەفزیۆنییانەی تایبەتن بە رۆماڵی کۆنفرانس، کۆر وکۆبوونەوە سیاسییەکان، ئاهەنگ ، دیبەتی سیاسی، لە هەمان کاتدا ئەو بەرنامانەی بۆ کاری خۆبەخشی و هۆشیار پێشکەش دەکرێن تایبەت پرسە نیشتیمانی و ناوخۆییەکان.
5. ئاینی:هەموو ئەو بەرنامە لە خۆ دەگرێت کە پەیامی ئاینی لە خۆ دەگرن، ئەو بەرنامەی بۆ بڵاوکردنەوەی گەیاندنی ئاین بەرکاردەهێنرێن، هەروەها ئەوانەی لە خۆ دەگرن کە تایبەتن بە لایەنی رۆحی مرۆڤەوە.
6. پەروەدەی فەرمی: ئەو بەرنامانە لە خۆدەگرێت کە زانیاری ورد و فراوان دەربارەی بابەتگەلێکی جیاواز پێشکەش دەکەن بۆ دەوڵەمەندکردنی پانتایی مەعریفی وەرگر. زۆربەی کات ئەم بەرنامانە وابەستەدەبن بە رێبازەکانی فێرکردنەوە و بەشی زۆرشیان ئاراستەی وەرگری قۆناغی پێش ــ قوتابخانە ( 2 ــ 5 ساڵی) دەکرێت.

7. يارييە وەرزشييەكان: پێشبڕكێ و يارييە وەرزشييەكان و سەرجەم ئەو بەرنامانە وەرزشيانە لە خۆدەگرێت كە بە شێوەيەكی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پێشكەش دەكرێن. ئەم پۆلێنە ئەو بەرنامانەش لە خۆ دەگرێت كە ڕاڤە و شيكاری ڕووداوە وەرزشييەكان دەكەن. كە بەشێكيان پێش دەستپێكردنی يارييەكان و ئەوانەش كە لە دوای تەواوبوونی يارييەكان پێشكەش دەكرێن.

8. دراما و كۆميديا: ئەو بەرهەمانەی لەم پۆلێنەدان دەچنە خانەی خۆشبارييەوە(Entertainment) كە يا بەرهەمی خەياڵين،يا دراماتيزەكردنی ڕووداوە ڕاستەقينەكانن. پشكی سەرەكی (واتە زياتر لە 50%) لە بەرهەمە دراماتيكييەكان پێك دێن . ئەم پۆلێنە لاوەكييانەش لە خۆ دەگرێت :

A.زنجيرە دراما

B.زنجيرەی كۆميدييە

C.كورتە زنجيرە ، ئەڵقەی تايبەت ، فيلمی درێژی تەلەفزيۆنی

D.فيلمی درێژی شانۆی كە لەسەر تەلەفزيۆن پەخش بكرێت

E.فيلم ، بەرنامە ، زنجيرە ئەنيمەيشنەكان (ئەو بەرهەم گرافيكيانە لەخۆناگرن كە چيرۆكئامێز نين).

F.بەرهەمە كۆميدييەكانی تر وەك ، سكێچ ، كۆميديای بەديهی، كۆميديای بێ دەق، كۆميديای سەر شانۆ.

G.بەرهەمە دراماييەكانی تر ، لەوانە چيرۆكخوانی، خوێندنەوە، دەقە شانۆييەكان، فيلمی ئەزموونی (experimental) ، بەرنامەی پۆپێت ، ئەنيمەيشنەكان تر.

9. مووزيك و سەما :

(A)ئەو بەرهەمە هونەرييانەی بەشی زۆريان (50%) پێش وەخت تۆمار دەكرێن، و هەندێكشيان بە شێوەيەكی ڕاستەوخۆ پێشكەش دەكرێن بابەتگەلێكی وەك مووزيک، سەما لە خۆ دەگرێن وەك ئۆپێرا ، سەمای بالێ، نمايشە مووزيكييەكان.

(B)مووزيک و ڤيديۆی هونەری: كورتە ڤيديۆی كۆنسێرتەكان لە خۆ دەگرێت كە دووبارە وەك بەرهەمێكی سەربەخۆ مامەڵەيان لەگەڵ دەكرێت، لە بنەڕەتدا ئەمانە بەرنامەی سەربەخۆ نين بەڵكو بەشێكە لە بەرهەمی تر و مۆنتاژ دەكرێنەوە و وەك بەرهەمی سەربەخۆ پێشكەش دەكرێن.

(C) بەرنامەی مووزيكی ڤيديۆی: ئەو بەرنامەی بە شێوەی گشتی (50%) گۆرانی ڤيديۆكراو ، هەروەها ئەو بەرنامەش لە خۆ دەگرێن كە لە ڕێگەی پێشكەشكارێكەوە باس لە بەرهەمی گۆرانی و مووزيک دەكرێت.

10. هەمەچەشنەكان: زياتر ئەو بەرنامانە لە خۆ دەگرێت كە نواندن و كاراكتەری جۆراو جۆر لە خۆ دەگرن، لەسەر ئاستی تاكە كەسی ئەنجام دەدەرێن كە لە يەک كاتدا كۆمەڵێک چالاكی وەک گۆرانی وتن، سەماكردن، نمايشێكی ئەكرۆباتيك ، مۆنۆلۆژ. (ئەو بەرنامە كۆميدی و مووزيكيانە لە خۆ ناگرن كە بە گرۆپ ئەنجام دەدەرێن).

11. بایەخی مرۆیی و چێژبەخش: بەرنامەی تایبەت بە هونەر و خۆشباری و کەسایەتییە ناودارەکانی بوارەکە . لە نێویاندا ژیاننامە و پرۆفایلی ناودارەکان، چاوپێکەوتن ودیدارەکان، ئاهەنگ وبۆنە تایبەتە هونەرییەکان، کەمپەینی بەخشینی کۆمەك. ئەم پۆلێنە ئەو بەرنامە هەمەرەنگانەش لە خۆ دەگرێت کە دەچنە خانەی بایەخی مرۆییەوە، بەڵام ئەوانە لە خۆ ناگرێت کە بنکۆڵکاری و شیکاری قووڵ ئەنجام دەدەن. لە هەمان کاتدا رووداو و بۆنە جیاوازەکانی وەك کەرنەڤاڵ ، و فێستیڤاڵ ، نمایشی خواردن و جل و بەرگ لە خۆ دەگرن.

12. تەلەفزیۆنی واقیعی (Reality Show):ئەو بەرنامانە دەگرێتەوە کە دەقیان نییە (unscripted) و دەشێ لە ژانری دراما ، کۆمیدی بن یا ژیانی راستەقینەی خەڵك ئاسایی. ئەم جۆرە بەرنامانە چاودێری ژیانی رۆژانەی کۆمەڵێك خەڵکی پاسیڤ دەکات، کاتێك سەرقاڵی ژیانی تایبەتی و کاری رۆژنەیانن. ئەم پۆلێنە گەرچێ سیناریۆ و دەقی پێشوەختی نییە، بەڵام لە چەشنی زنجیرەی هەست وسۆزئامێز (soap opera) بەرهەمدەهێنرێن.

13. ئاگادارییە گشتییەکان : ئەم پۆلێنە سپۆت و مەتریالی کورتخایەن لە خۆدەگرێت کە ماوەیان ناگاتە 5 خولەك. پەیامەکان بۆ ئاشناکردنی وەرگر بە پرسە گشتیەکان و هانیان دەدات بۆ بەشداریکردن، وەک ئەرکە مەدەنیەکان و کاری پێکەوەیی و قازانج نەویست . ئەم بانگەشانە بە مەبەستی بازرگانی و قازانجی ماددی ئەنجام نادرێن، بەڵکو کۆمەڵێك پەیام لە خۆ دەگرن کە بێ بەرامبەر لەسەر شاشە بڵاودەکرێنەوە وەك: ژینگە پارێز ، خۆپاراستن لە نەخۆشی و درمەکان ، ئاسایش گشتی.(Gross et al., 2012)

14. بانگەشە ، ریکلام و ڤیدیۆی بازرگانی: ماتریالی ناوبرەکانن لە نێوان بەرنامەکان دا پێشکەش دەکرێن ، پەیامی زانیارییەخش و تەرفیهی لە خۆ دەگرن بەمەبەستی فرۆشتن و بانگەشەی بازرگانی.

15. نێوانەکان (In-betweens): ئەوانە ماتریاڵە تەلەفزیۆنییە دەگرێتە خۆ کە ماوەکەی کەمترە لە 5 خولەك، لە ناوبرەکان دا و نێوان بەرنامە سەرەکییەکان پێشکەش دەکرێت. ئەم ماتریاڵانە ریکلامە بازرگانییەکان لە خۆ ناگرن و هەندێ جار بە پردی نێوان بەرنامەکان دەناسرێن.

16. پرکەرەوەکان(Fillers) :ئەم جۆرە ماتریالانە دەکەونە نێوان بەرنامە سەرەکییەکان، و ئامانج لێی پرکردنەوەی کاتی بەتاڵی نێوان دوو بەرنامەی سەرەکییە. ماوەی ئاسایی ئەم بەرنامانە 30 خولەك تێپەرناکات و لە هەندێ حاڵەتدا ئەو مەتریاڵانە لە خۆ دەگرێت کە بانگەشە بۆ بەرنامەیەکی تری کەناڵەکە دەکەن

**دووەم: پۆلێنکاری ژانرە نوێیەکانی تەلەفزیۆن.**

ئەم پۆلێنە دیارترین ئەو ژانرانە لە خۆ دەرگرن کە زادەی یەکگرتنی دوو ژانرەی جیاواز یا ژانر و میدیایەکی نوێ، بەشی زۆر ئەم ژانرانە وابەستەی پۆلێنە خەیاڵییەکان (Fiction)ەوە هەیە، ئەوانەی زادە بیری مرۆڤن و بەشێکیان زادەی ژینگەی فرەمیدیای بە تێپەربوونی کات دروست بوون.

-ئەنتۆلۆژیا (Anthology)

ئەنتۆلۆژیا* دوو جۆری هەیە، یەکەم لە شێوەی فیلم ، دووەم لە شێوەی ئەڵقە. لە بنەڕەتدا بەو زنجیرە بەرهەمانە دەوترێت کە چەند ئەڵقەیەکی جیاواز لە خۆدەگرن بەمەرجێک وابەستەی یەک بابەت یا تیمایەکی یەکانگیر بێت. دەشێ چیرۆکی جیاواز، کاراکتەری جیاواز لە خۆ بگرێت بەڵام لە یەك بوار دا بێت و هەڵگری یەك تیما بێت وزۆربەی کات هەفتانە پێشکەش دەکرێن(Jeffres, et al., 2022). هەندێ جار زنجیرەی ئەنتۆلۆژیا، لە یەك ستودیۆ /سێت بەردەوام دەبێت. پێش تەلەفزیۆن لە ڕادیۆوە دەستی پێکرد و دواتر پەلی کێشاوە بۆ تەلەفزیۆن. زنجیرەیی تێلنیۆڤا (telenovela) و سوپ ئۆپرا (Soap Oprah) یەکێکە لە پۆلێنە بەربڵاوەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. زۆربەی کات زادەی پرۆسەی بەناوخۆییکردنن، وەک زنجیرە دۆبلاژکردن پێشکەش دەکرێن. بۆ یەکەم جار لە ناوەراستی ساڵانی نەوەتەکان دا زنجیرەی تەلەفزیۆنی وڵاتانی ئەمریکای لاتین و بە دیاریکراویش وڵاتی مەکسیك وەردەگێرانە سەر زمانی عەرەبی. بەشی زۆری ئەم زنجیرە تەلەفزیۆنیانە لە ژانری تێلەنۆڤا**یە کە ژانرێکی باوە لەکولتووری تەلەفزیۆنی وڵاتانی ئەمریکای لاتین. بەدەر لە وڵاتانی عەرەبی لە هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆر بە دۆبلاژکردنی بەرهەمە تەلەفزیۆنییەکان، بە تایبەت زنجیرەی درامای تورکی، فارسی، هیندی وئەمریکا دەدرێت. دۆبلاژەکان دەچنە خانە خۆگونجاندنی کولتووری و بەشێکە لە پرۆسەی لۆکالیزەکردن(Localization)ی بەرهەمە تەلەفزیۆنییەکان کە زۆرینەیان زنجیرەی تەلەفزیۆنین لە ژانری سوپ ئۆپرا (soap Oprah) و تێلەنۆڤا(telenovela). بەڵام بەربڵاوترینیان لە خۆرەڵاتی ناوەراست، ژانری دیزلەر(dizleri)ی تورکییە، کە لە "لە نێوان ساڵانی ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢٣ خواستی جیهانی لەسەر یان بە ڕێژەی ١٨٤% زیادی کردووە، ئەمەش تورکیای وەک یەکێک لە گەورەترین هەناردەکارانی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان لە سەرانسەری جیهاندا جێگیر کردووە (Ap,2024). لە نێو ئەو هەموو بەرهەم وکاڵایانە تورکیان هەناردەی وڵاتانی جیهان دەکات "دیزلەر بە بەربڵاوترین کاڵای کولتووری و ئابوری تورکی دادەنرێت" (Habibi, 2015). دیزلەری تورکی جێێ بە تێلێنۆڤایی مەکیسکی و بەرازیلی لێژکردووە یەکێکە لە بەربڵاوترین بەرهەمی تەلەفزیۆنی کەبە شێوەیەکی زۆر خێرا لە جیهان دا بڵاودەبێتەوە(Öztürkmen, 2018) . دیزی (dizi)دەچێتە خانەی (Soap Oprah)ەوە،و خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ تێلنۆڤا زۆر؛ بۆ نموونە هەردووکیان لە زنجیرە درێژەکانن کە نزیکەی ساڵێك دەخایەنێن، بەڵام تێلێنۆڤا یەك چیرۆکی یەکانگیری دەگێرێتەوە کە دواجا دەگات بە کۆتایی چیرۆکەکە، بەڵام (Soap Oprah)چەند چیرۆکێك ئاوێتەی یەك دەگات و کۆتاییەکی کراوەی هەیە. ئەنیمەیشن (Animation) یەکێکی ترە لەو ژانرە تەلەفزیۆنیانەی لە سەر ئاستی جیهانی بە پرۆسەی لۆکالیزەکردن و گونجاندنی کولتووری دا خۆی دەبینێتەوە. ئەنیمەیشن خۆی چەند وردژانر (Subgeneric) لە خۆ دەگرێت وەك :


ئەنیمەیشنی کلاسیك، ئەو جۆرە ئەنیمەیشنانە دەگرێتەوە کە پێیان دەوترێن کارتۆن (Cartoon) یان ئەنیمەیشنی(2D) لە بنەڕەتدا وێنەکان، بە دەستی نیگارکێشەوە دروست دەکرێت دواتر جوڵەیان پێ دەکرێت. ئەم وردە ژانرە تەلەفزیۆنییە

*زاراوەیە لە (Anthologies) گریکییەوە وەرگیراوە. بەشی یەکەمی(Anthos)بە واتای گوڵ دێت و بەشی دووەمی (logy) کە فرەواتایە وەك خوێندنەوە ،کۆمەڵ، کۆکراوە) . کەواتە دەشێ وەك (کۆمەڵە گوڵ ، کۆکراوەی گوڵ) . لە ئەدەب دا بۆ کۆمەڵە بەرهەمێك بەکاردەهێنرێت . (ئەنتۆلۆجیا، ئەنسۆلۆجیا، کۆکراوەیی گوڵ) بۆ هەمان مەبەست جێگەی خۆی کردەوە، هەربۆیە ئەنتۆلۆژیا بریتییە لە کۆمەڵێك بەرهەمێك، کە لەلایەن نووسەر/بەرهەمێهنەر هەڵدەبژێردرێت؛ لەوانەیە کۆمەڵێك شانۆنامە، شیعر، کورتیلە چیرۆك، گۆرانی، یان بڕگەیەکی نووسەری جیاواز بێت(Gokah, 2016).

** (telenovela) زاراوەی لێکدراوە ، کورتکراوی هەردوو وشەی (tele)ی تەلەلەفزیۆن و(novella ) واتە کورتە ڕۆمانە، دەکرێ لە زمانی کوردی دا کورتە ڕۆمانی تەلەفزیۆنی بەکاربهێنرێت. ئەم ژانرە تەلەفزیۆنیە لە زۆربەی وڵاتاندا هەیە و لەگەڵ ژینگەی کولتووری وڵاتەکە خۆ دەگونجێنێت، بۆ نموونە لە وڵاتی فیلیپین تێلینۆڤا گۆراوە بۆ تێلیسیریی(teleserye) ، لە تایلەند لاکۆرن (lakorn) ، لە کەنەدا تێلێرۆمان (téléroman) ، لە ئیندۆنیزیا سینەتۆرن(lakorn).

یەکێکە لەو بەرهەمە میدیاییانەی زۆرترین هاوردەی وڵاتانی تر دەکرێن ، یەکێکی ترە لەو بەرهەمە تەلەفزیۆنیانە دۆبلاژی بۆ دەکرێت و لەگەڵ کولتووری وڵات وەرگردا دەگونجێنرێت(Creeper, 2015). ئەنیمەیشنی(CGI) ، ئەو وردەژانرە ئەنیمەیشنەیە کە بە سۆفتوێری کۆمپیوتەر بەرهەم دەهێنرێت. ئەم جۆرە ئەنیمەیشنە پێی دەوترێت، سێ رەهەند(3D). ستۆپمۆشن(Stop motion): ئەو جۆرە ئەنتیمەشنانە دەگرێتەوە کە بە تەکنیکی وێنەگرتن (Still Image) بەرهەم دەهێنرێت، کاراکتەرەکان نە نیگارکێشین و نە کۆمپیوتەرین، بەڵکو دروستکراوی بۆکەڵەی پلاستیك یا قوڕن ، لەگەڵ هەر جوڵەیەکیان دا وێنەیان دەگیرێت، لەگەڵ گۆرانێکی کەم لە وێنەکان بە شێوەیەك کە جوڵەکە زۆر کەم لە نێوان وێنەکاندا دەکرێت کە لە 24/1 چرکە دا تێپەر ناکات. ئەم جۆرەش وردە ژانری تر لە خۆ دەگرێت وەك (کلایمەیشتن).

کلایمەیشن (Claymation) : بۆکەڵەی قوڕی دەستکرد. فۆرمێکی ترە لە ئەنیمەیشنی (stop motion) بەڵام ماتریاڵەکان لە پلەی یەکەم کاراکتەرەکان بە قوڕ دروست دەکرێن. بەهەمان شێوە لە ڕێگەی وێنەگرتنە و جوڵەپێکردن بە کاراکتەرکان بەرهەم دەهێنرێت .بۆکەڵەسازی(Puppetry): وێنەگرتنی راستەوخۆ لە ڕێگەی پۆپێت (بۆکەڵە) و بە جوڵەی دەست بەرهەم دەهێنرێت. پۆپێت یەکێکە لە ژانرە کلاسیکەکان تەلەفزیۆنی کە لە بنەرەتدا لە شانۆ وەرگیراوە، بە هەمان شێوەی شانۆ کە لە بەردەم وەرگردا پێشکەش دەکرا، لە تەلەفزیۆنیش دا دیمەنەکان وێنەدەگیرێت و پێشکەش دەکرێت، پۆپێت تاکە




جۆرە لەوانەی سەرەوە کەدەکرێ بە شێوەیەکی راستەوخۆ پێشکەش بکرێت.( Zone, 2007) مۆکیومێنتاری(Mockumentary): دۆکیومێنتارییەکی ساختەیە، وردە ژانرێکی کۆمیدی، گاڵتەجارییە، بەشێوەی دۆکیومێنتاری بەرهەم دەهێنرێت بەڵام واقیعی نییە. تێرمێکی لێکدراوە و ڕەگی زمانەوانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو وشەی (mock) گاڵتە، و (documentary) دۆکیۆمێنتاری، مەبەست لێ تەنز یا رەخنە گرتن لە بوارێك، بابەتێك ، کەسایەتییەك، تاد. فۆرمێکی زۆر باوی تەلەفزیۆنیە لە نێو کولتووری تەلەفزیۆنی رۆژئاوادا(Campbell, 2007) . تەنز(Satire):ژانرێکە لە ئەدەب ، هونەر و شانۆوە سەرچاوەی گرتووە، کە تیایدا کەموکوری و خراپەکارییەکان کۆمەڵگا، گەمژەیی وخراپ بەکارهێنان دەسەڵات بە شێوەیەکی گاڵتەجاری دەگێردێنەوە، بە مەبەستی شەرمەزارکردن/بەئاگاهێنانەوەی تاکە، ، حکومەت و کۆمەڵگایە .دۆکیودراما: دراماتیزەکردنی ڕووداوێکی راستەقینەیە؛ بەو بەرهەمانە دەوترێت کە لەبارەی ڕووداوێکی راستەقینە بەڵام لە نەبوونی وێنە ئەرشیفی بە شێوەیەکی دراماتیکی ڕووداوەکان دروستدەکرێنەوە. وردە ژانرێکی دوورەگییە لە هەردوو وشەی دۆکیومێنتاری (Documentary) و دراما (Drama)پێکهاتووە. ئەم جۆرە چەند ناوێکی تریشی هەیە وەك : درامادۆك، نیچە دۆکیۆمێنتاری. لە خودی دۆکیودراما وردە ژانری لاوەکی تر لێدەبێتەوە وەك ، دۆکیوسۆپ ودۆکیوتەینمێت- docutainment)،( Paget, 2011,P.125 ) دۆکیوسۆپ (docu-soap):ئەم ژانرە نیمچە دۆکیۆمێنتارییە، دەربارەی ژیانی چەند کەسێکە لە پیشەیەك یان شوێنێك بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە. ئەم فۆرماتانە لە کۆتایی نەوەدەکاندا لە بەریتانیادا ناوبانگێکی زۆریان بەدەستهێناوە. سەرکەوتنیشی

دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی نمایشی گفتوگۆ و ڕووداوەکان لە فۆرمی درامایەکی (Soap Oprah) هەست وسۆز ورۆژێنەر، بەڵام هەر ئیدیعایەك دۆکیومێنتاری دەکات. لە کاتێکدا ئەم فۆرماتە نوێیە دوورەگییە هەوڵ دەدات تێڕوانینێکمان لادروست بکات دەربارەی پرسە ڕاستەقینەکان، یان لە ڕێگەی چیرۆکی ژیانی خەڵکی ئاسایی هەست وسۆزمان بجووڵێنن، هۆکاری سەرکەوتنی بەرچاوی ئەم فۆرمات و جۆرە بەرنامە نیمچە-دۆکیومێنتاریی-سۆزبزێن ئەوەیە کە هەڵقوڵاوی بەرهەمە تەلەفزیۆنییەکانە و بینەری تەلەفزیۆنی ئاشنایە بەو جۆرە بەرنامانە بە تایبەت لە زنجیرەی (Soap Oprah) و دۆکیۆمێنتاری .(Dowd et al., 2006)

درامالیتی(Dramality) :ئاوێتەیەکە لە هەردوو ژانری درامای تەلەفزیۆنی و بەرنامەی واقیعی ، بەڵام دراماتیزەکردنی ڕووداوەکان بەهۆی نەبوونی وێنەی ئەرشیفی نییە، بەڵکو فۆرمێکی چێژبەخش ، جیاوازی لەگەڵ وردە ژانرەکانی تر ئەوەیە کە دراماڵیتی دراما سەنتەرگەراییە نەك دۆکیومێنتاری، وەک بەرنامەی(The Only Way Is Essex) (Bradley, 2014)

ژیاننامەی وێنەیی(Biopic):ژانرێکی بڵاوی فیلم/تەلەفزیۆنییە، وردەکاری ژیاننامە و ژیانی واقیعی کەسایەتییەك دەخاتەڕوو. زۆرجاریش دەربارەی ڕووداوێکی ڕاستەفینەی نێو ژیانی کەیاسەتییەکە. بەدەگمەن ژانری بایۆپیك وابەستەی بەرنامەی تەلەفزیۆنی دەکرێت، بەڵام لە میدیای ترەوە بە تایبەت سینەما خۆی خزاندۆتە ناو بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی. وشەکە کوتکراوەی هەردوو وشەی (Biographic) ژیاننامە و (Picture) وێنە پێکهاتووە

زانیکلامی (Infomercials) یا بەرنامەی وڵامدانەوەی ڕاستەوخۆ: بەو ریکلامە بازرگانیانە دەوترێت کە کاتی دیاریکراوی خۆی هەیە بۆ پێشکەش کردن لە ڕێگەی پێشکەشکارێکەوە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان نمایش دەکرێن و داوا لە وەرگر دەکات ڕاستەوخۆ پەیوەندی پێوە بکەن لەڕێگەی تەلەفۆنی بێبەرامبەر، ناردنی کورتەنامە، یان بە سەردانیکردنی ماڵپەڕێك. ماوەی ئەم جۆرە بەرنامانە لە نێوان 15 بۆ 30 خولەکە. ئەو جۆرە بەرنامانە بە لە ئەوروپا پێێ دەوترێت بازارکردن لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە.(Hope & Johnson ,2004)

گۆڤاری تەلەفزیۆنی (Magazine Format) : گۆڤاری تەلەفزیۆنی بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێو چەندین ژانری جیاواز دا بەرجەستەدەبێت. ئەم جۆرە بەرنامەیە کە زادەی میدیایی چاپەمەنی یە، پێش تەلەفزیۆن لە رادیۆش بەکارهاتوو و سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، ئەم جۆرە بەرنامانە پێشتر و ئێستا بە یەکێك لە بەربڵاوترین فۆرماتی تەلەفزیۆنی دادەنرێت. ناوەڕۆکی ئەم بەرنامانە هاوشێوەی گۆڤار فرەچەشنە لەڕووی بابەتەوە و بینەر بە چەندین بابەتی جیاواز ئاشنا دەکات. ئەم فۆرمە لە چەندین بواری جیاواز دا بەرجەستەدەبێت بۆ نموونە هەواڵ و یا نەرمەزانیاری کاتبەسەربردن* بەڵام بە زۆری لەبارەی بابەتی رۆژەڤە** ، بە تایبەت پرسی کۆمەڵایەتی، تەندرۆستی گشتی و ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە واقیعی کۆمەڵگاوە هەیە گۆڤاری تەلەفزیۆنی هاوشێوەی گۆڤاری چاپکراو، برگەی کورت و هەمەجۆرن و پانتایی کات بۆ بابەتگەلێکی جۆراوجۆر فەراهەم دەکات.. لە ڕووی ناوەڕۆکی سروشتێکی نەرمی هەیە کە دەشێ خۆی لەگەڵ بابەتی نوێ بگونجێنێت بەراورد بەو فۆرماتە دەقدارەکان (Scripted) کە ئامادەکاری پێشوەختی تۆمارکردنیان پێویستە (Gross et al., 2012) .

* Infotainment
** Current issues


## بەشی مەیدانی

### شیکاری وەسفی ناوەڕۆک

لەم بەشەدا، شیکاری وەسفی بۆ ناوەڕۆکی 21 ساڵی کەناڵی ئاسمانی کوردسات کراوە، لەڕووی ژانرە وفۆرماتی بەرنامەکانەوە. سەمپڵی توێژینەوەکە بریتییە لە:بەرنامەی ناوخۆیی، زنجیرە دراما و فیلمی دۆکیومێنتاری. شیکارییەکە ئەم ژانرو پۆلێنانە لە خۆ ناگرێت: ژانرە هەواڵییەکان (هەواڵ ، راپۆرتە هەواڵ .....تاد) ؛ ماتریالە نابەرنامەییەکان (Non-program) وەك (کۆنسێرت، گواستنەوەی یاری ، ڕووداو...تاد)؛ و ماتریالی نێوەند (in-between) وەک (ریکلامی بازگانی، سیاسی ، ژینگەیی ، سپۆت ، تیزەر، ترەیلەر ....تاد). شیکارییەکە بە دوو ئاست بۆ بەرنامەکان کراوە. ئاستی یەکەم: ژانرەکانی دراما و فیلمی دۆکیومێنتاری ، ئەم دوو ژانرە ناچنە خانەی بەرنامەی رۆژانە بەڵکوو وەرزین و بەشی زۆریان بەرهەمی کەناڵەکە نین کە بریتین لە ۳۹۹ مەتریال. ئاستی دووەم بەرنامەی رۆژانە، هەفتانە..تاد کە بەسەر ژانر پۆلێنکراوەن وەك: گفتوگۆ ، چاوپێکەوتن، خۆشباری، گۆڤاری تەلەفزیۆنی ، کارتوون....تاد. ئەم بەرنامانە بەرهەمی ناوخۆی کەناڵەکەن و ژمارەیان ۱۹۰ بەرنامەی جیاوازە.

(خشتەی داتای وەرگیراو )

| جۆری ماتریال | دانە | جۆری شیکاری | ماوەی وەرگیراو |
|---|---|---|---|
| درامای کوردی | 36 | ڕێژەی سەدی و ژمارە | 2000/1/1 - 2021/1/31 |
| درامای دۆبلاژکراو | 101 | | |
| دۆکیومێنتاری | 261 | | |
| بەرنامەی تەلەفزیۆنی | 190 | ڕێژەی سەدی و ژمارە | 2000/1/1 - 2021/1/31 |
| کۆی گشتی | 589 | مەتریال ( تایتڵی) جیاواز | |





1- ناوەڕۆکی کەناڵی کوردسات لە ماوەی 21 ساڵ دا بەگوێرەی هەردوو ژانری ( دراما و دۆکیومێنتاری)

گرافی (1) تایبەتە بە ناوەڕۆکی کەناڵی کوردسات لەماوەی 21 ساڵی رابردوودا بۆ زنجیرەدراما و فیلمی دۆکیومێنتاری. لەو ماوەیەدا، کەناڵی کوردسات (261) فیلمی دۆکیومێنتاری پەخش کردووە کە دەکاتەی ڕێژەی ٦٦%

مەتریالە نابەرنامەییەکان، لەسەر بنەمایی دانە (Items) بەرزترینە رێژەیە بەراورد بە مەتریالەکانی تر وەك زنجیرە دراما کە رێژەی ٣٤ % کۆی گشتی ناوەرۆك پێك دەهێنێت کە دەکاتە ١٣٧ زنجیرەی تەلەفزیۆنی.

شیکاری گرافەکە ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە کەناڵی کوردسات پانتایەکی زۆر بۆ هەردوو ژانری زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی وفیلمی دۆکیۆمێنتاری تەرخان کردووە، ئەوەی جێ سەرنجە بەشی زۆری ئەم مەتریالە تەلەفزیۆنیانە بە تایبەت زنجیرە دراما بەرهەمی کەناڵەکە نین بەڵکوو زادەی پرۆسەی لۆکالیزەکردنن و پاش دۆبلاژکردنیان بە زمانی کوردی لەسەر شاشەی کەناڵەکە پەخشکراون.

2-زنجیرە دراما بیانییەکان، بەپێی زمان و وڵاتی بەرهەمهێنەر




لە گرافی (2) دا زنجیرە دراما لەسەر بنەمایی وڵاتی بەرهەمهێنەر خراوەتەڕوو. بە پێی ئەنجامی شیکاری داتاکان، لە کۆی (124) زنجیرەی تەلەفزیۆنیدا کە لەماوەی 21 ساڵی رابردوودا لەسەر شاشەی کەنالەکە نمایش کراون؛ (88)یان بیانی و (35)یان کوردی بوون. دراما دۆبلاژکراوەکان لە ریزی پێشەوەدا دێن بە رێژەی (71%) بەراورد بە ناوخۆیی کە تەنها رێژەی (29%)پێك دەهێنێت.


لە پۆلێنی زنجیرە دۆبلاژکراوەکاندا، ئەنجامی شیکاری داتاکان بەپێی وڵاتی بەرهەمهێنەر ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو لە کۆی (88) زنجیرەی تەلەفزیۆنی دا کە سەربە (14) وڵاتی جیاجیان؛ کەناڵی کوردسات زۆرترین پانتایی لەژانری زنجیرەی درامای تەلەفزیۆنی تەرخان کردووە بۆ زنجیرەی وڵاتی کۆریا. بەو پێیەی (39) زنجیرە دراما کە کەناڵی کوردسات پەخشی کردووە لە وڵاتی کۆریای باشور بەرهەمهاتوون، بەوەش بەرزترین رێژەی پێك دەهێنێت تەنانەت سەروو زنجیرە درامای کوردییەکانەوە دێت. لە ریزبەندی دووەمدا زنجیرە دراماکانی وڵاتی ئێران دێت کە (13) زنجیرە دۆبلاژکراو لە خۆ دەگرێت و ریزبەندی سێیەم ئەمریکایە کە لە (6) زنجیرە پێك دێت. هەر یەکە وڵاتانی بەریتانیا، سوریا ، رۆسیا و ژاپۆن بە (1) زنجیرە لە کۆی زنجیرە دۆبلاژکراوەکان پێك دەهێنن.

لە کولتووری بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی دا، زنجیرە دراما بە سێ پۆلێن دابەش دەکرێن: ناوخۆیی، ناوخۆیی-نێودەوڵەتی و بەناوخۆییکردن (Localization). یەکەم-ناوخۆیی: بەرهەمهێنان زنجیرە دراما لە سەر ئاستی ناوخۆیی پرۆسەیەکی زێدە گرانبەهایە و تێچوویەکی زۆری پێویستە لەڕووی سەرچاوەی مرۆیی، دارایی و کات...تاد، جا کەناڵەکە خۆی

بەرهەمی بهێنێت یا لە رێگەی کۆمپانیا وستۆدییە تایبەتەکانەوە بەرهەم بهێنرێت. ئەمەوەش وا دەکات رێژەی زنجیرە دراماى ناوخۆی بەراورد بە زنجیرە بیانییەکان کەمتر بن.

دووەم-بەرهەمهێنانی هاوبەشی: ئەم جۆرە زنجیرە درامانە لە نێوان دوو/چەند وڵاتدا بەرهەم دەهێنرێن، بەهەمان شێوەی تیچوویەکی زۆری پێویستە و هیچ جۆرە درامایەکی لەوچەشنە لە کەناڵی کوردسات فەراهەم نەبوو. سێیەم/ بەناوخۆییکردن: پۆلێنی زنجیرە دۆبلاژکراوەکانە، ئەم پۆلێنە زۆرترین زنجیرە دراما لەخۆ دەگرێت بەحوکمی ئەوەی دراماکان پاش بڵاوبونەوەیان لە وڵاتی یەکەم، بە نرخێکی هەرزانتر بەدەستهێنرێن و پاش سازدانی پرۆسەکانی وەرگێران و دۆبلاژکردن پەخش دەکرێنەوە. ئەنجامی شیکاری داتاکان ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو کە زۆربوونی دراما کورییەکان لە ناو زنجیرە دراما دۆبلاژکراوەکاندا دەگەرێتەوە بۆ هاوبەشی کولتووری نێوان کۆمەڵگای کوردی و وڵاتە ئاسیاییەکان بە تایبەت وڵاتی کوریای باشور کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەی رابردوودا خواستێکی زۆرە لەسەر هەبوو.


3- پۆلێنکردنی بەرنامە بەپێی بابەت




گرافی (٣) تایبەت بە پۆلێنکردنی بەرنامەکان لەسەر بنەمای بابەت. بە پێی شیکاری داتاکان، ئەو بەرنامانەی کە بابەتی کولتووری لە خۆ دەگرن زۆرترین رێژەیان وەرگرتووە وپلەی یەکەم لە ریزبەندییەکەدا تۆمار دەکەن، کە بە رێژەی (١٢.٦%) زۆرتری پانتای لە خشتەی بەرنامەکان کەناڵەکە داگیرکردووە. بەرنامەی خۆشباری (ترفیهی) بە پلەی دووەم دێت و لەگەڵ یەکەمی ریزبەندییەکە جیاوازیەکی ئەتۆی نییە کە رێژەی (١٢.١%) پێك هێناوە. بەرنامەی مووزیکی کە بەشێکە لە پۆلێنی هونەر بە پلەی سێیەم دێت کە رێژەی (١١.٦%)کۆی گشتی بەرنامەکان پێك هێناوە. هەر یەکە لە بابەتەکانی (کۆمیدیا، رۆژنامەگەریی زەرد و منداڵان) لە کۆتایی ریزبەندەکەدا دێن کە هەر یەکێکیان تەنها رێژەی (٠.٥%)یان پێك هێناوە. لە کاتێکدا هەر یەك لە بوارەکان (تەندروستی، دایاسپۆرا، ژنان و وەرزش) هەمان رێژەیان

تۆمارکردووە کە بۆ هەر یەکێکیان رێژەی (٢.١%) هاتووە. بواری سیاسەت هێندە رەنگی نەداوەتەوە بە سەر بەرنامەکان دا وتەنها رێژەی (٤.٢%)ی پێکهێناوە؛ بەراورد بە بابەتی گەرمی رۆژ کە لێرەدا بە (رۆژەڤ) ناسێنراوە کە رێژەی (١٠%)ی کۆی گشتی بەرنامەکان پێك دەهێنێت.

4-پۆلێنکاری بەرنامەکان بەپێی ژانر




گرافی (٤)ی تایبەتە بە ژانری ئەو بەرنامانەی لە ماوەی ٢١ ساڵی رابردوودا لە کەناڵی کوردسات بەرهەم هێنراون و پەخشکراون. ژانرەکان بەسەر (٢٠) ژانری سەرەکی و لێکدراوە و لاوەکی پۆلێنکراون. بە پێی شیکاری داتاکان، ژانری چاوپێکەوتن بە پلەی یەکەم دێت کە رێژەی (١٩.٤%) کۆی گشتی بەرنامەکانی کەناڵی کوردسات پێك دەهێنێت. گۆڤاری تەلەفزیۆنی کە ژانرێکی هەمەرەنگە بە پلەی دووەم دێت کە رێژەی (١٦.٨%)ی گرتووە، و بە جیاوازییەکی کەم لە پێش ژانری بەرنامەی گفتوگۆ دێت کە پلەی سێیەمی گرتووە بە رێژەی (١٦.٣%). کەمترین رێژە لە چەند ژانرەیەکدا بەدی دەکرێت کە بریتین لە (بەرنامەی واقیعی، زنجیرەی کۆمیدی، بەرنامەی بەیانیان، پەروەردە ومنداڵان) کە هەر یەکێکیان تەنها رێژەی (٠.٥%)یان پێکهێناوە لە خوارەوەی ریزبەندی ژانرەکان دا دێن.

بەپێی ئەم پۆلێنسابیە، دەکرێ ژانری بەرنامەکان بەسەر سێ پۆلێنی جیاواز دابەش بکرێن: ژانرە گفتوگۆ سەنتەرگەراکان ، ژانرە وێنە سەنتەرگەراکان و ژانرە کارلێك سەنتەرگەراکان. ئەگەر بەو پۆلێنبەندییە ژانری بەرنامەکان راڤەبکرێن تێبینی ئەوە دەکرێت کە کەناڵی کوردسات زۆرترین پانتای بۆ پۆلێنی گفتوگۆسەنتەرگەراکان بە دیاریکراویش هەردوو ژانری (چاوپێکەوتن و دیالۆگ) تەرخانکردووە، بەو پێیەی یەکەم ، دووەم و سێیەمی ریزبەندییەکەدا دووانیان لە ژانرە گفتوگۆ سەنتەرگەراکانن، ئەوەی تریشیان کە گۆڤاری تەلەفزیۆنییە بەهەمان شێوە بەرنامەی گفتوگۆئامێزە چونکە لە ناو برگەی جۆراوجۆرەکان گۆڤاری تەلەفزیۆنی دا هەمیشە تەوەری تایبەت بە میوان لە خۆ دەگرێت و پانتایەکی زۆر بۆ گفتوگۆ تەرخان دەکەن.

5-وەرگری ئامانجدار

| وەرگری ئامانجدار | | |
|---|---|---|
| گشتی | 78.4 | 149 |
| گەنجان | 5.3 | 10 |
| دەستەبژێر | 7.9 | 15 |
| خێزانی | 5.3 | 10 |
| تاراوگە | 0.5 | 1 |
| منداڵان | 0.5 | 1 |
| نەزانراو | 2.1 | 4 |
| | 100.0 | 190 |

خشتەی (١) وەرگری ئامانجداری بەرنامەکان دەخاتەڕوو. زۆرترین ریژە دەگەڕێتەوە بۆ وەرگری گشتی کە ریژەی (78.4%) بەرنامەکان پێك دەهێنێت. ئەم ریژەیە سەروو سێ لەسەر چوار کۆی بەرنامەکانە. ئەوەی جێی سەرنجە کەناڵی کوردسات پانتایەکی زۆر بۆ وەرگری دەستەبژێر تەرخان کردووە، کە ریژەی (7.9%) بەرنامەکان ئاراستەی ئەو جۆرە وەرگرە کراوە؛ بەوەش پلەی دووەمی گرتووە. لەبەرامبەردا هەردوو پۆلێنی خێزانی و گەنجان هەمان ریژەیان پێك هێناوە کە هەر یەکێکیان ریژەی (5.3%)یان گرتووە. ئەم دامەزراوە میدیاییە ساڵانێکی زۆر کۆمەڵێك بەرنامەی تەرخان دەکرد بۆ تاراوگە، بۆیە خشتەکە وەرگری دایاسپۆرا لەخۆ دەگرێت بەڵام بە ریژەیەکی کەم .یەکێکە لە گرنگترین رەگەزەکانی کولتووری بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی تێگەیشتنە لە خواستی وەرگر. لە پرۆسەی پلانین و پێش-بەرهەمهێنان دا بە پێی ژانری بەرنامەکە بریار لەسەر وەرگری ئامانجدار دەدرێت، ئەنجامی شیکاری داتاکان ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات ، کە لە کەناڵی کوردسات وەك پێویست رەچاوی وەرگری ئامانجدار نەکردووە، هەربۆیە وەرگری گشتی لە ریزبەندەکە زۆر لە پێش هەموو جۆرەکانی تر دایە ، لە شیکاری بەرنامەکاندا توێژەر نەیتوانی ریژی (2.1%)بەرنامەکان دیاری بکات کە ئاراستەی چ جۆرە بینەرێك کراوە، بەهۆی ناروونی وئاڵۆزی ژانر و پێکهاتەی بەرنامەکان.

6-بەرجەستەکردنی فۆرماتی نێودەوڵەتی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان

| فۆرمات | | |
|---|---|---|
| ناوخۆیی | 96.8 | 184 |
| نێودەوڵەتی | 3.2 | 6 |
| | 100.0 | 190 |

خشتەی (٢) تایبەت بە فۆرماتی بەرنامەی تەلەفزیۆنی. ئەو بەرنامانەی بە هەمان فۆرم و ناوەرۆکەوە مافی بەرهەم هێنانەوە (license) دەکڕدرێن و دووبارە پەخش دەکرێنەوە. بە پێی ئەنجامی شیکاری داتاکان دەرکەتووە بەشی زۆری ناوەرۆکی کەناڵی کوردسات لە ڕووی بەرنامەوە بەرهەمی ناوخۆی کەناڵەکەبوون وکەمتر فۆرماتی نێودەوڵەتی بەرجەستەکراوە. هەروەك لە خشتەکە دا هاتووەن (٩٦.٨%) بەرنامەکان لۆکالین و تەنها (٣.٢%) بەرنامەکان فۆرماتی نێودەوڵەتین.کەمی فۆرماتی نێودەوڵەتی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار لە پێش هەموویانەوە، ڕەهەندە ئابورییەکان و کولتوورییەکانن. دەشێ بەشێك لە فۆرماتەکان گونجاو نەبن بۆ هەموو وڵاتێك ، ئەوانەش کە شیاون لەڕووی تێچوو و کرێی بەرهەمهێنانەوە بەرزن ڕەنگە بۆ ناوچەیەکەی وەك هەرێمی کوردستان کە ژمارە دانیشتوانی ٥-٦ ملیۆن کەسە گونجاو نەبێت. بەدەر لەوەش لە سەردەمی فرەمیدیایی دا کە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زۆربوونی میدیاوە، وەرگری کوردی، پێشوەخت ئاشنایەتی لەگەڵ بەرهەمە نێودەوڵەتییەکان هەیە، لە هەندێ دۆخ دا تەماشای فۆرماتە جیهانییەکان دەکەن و هاوردەکردنی ئەم بەرهەمە نێودەوڵەتیانە بەها و قازانجێکی وەهایان نابێت بەراورد بە تێچوویان، بۆیە لە جیاتی فرۆماتی نێودەوڵەتی پەنا بۆ پرۆسەکانی تری لۆکالیزەکردنی دەبرێت، بە تایبەت دراما و فیلمی بەڵگەنامەیی.

**دەرەنجام:**

1. گۆرانکارییەکانی ژینگەی میدیایی و کێبرکێی نێوان توخمە میدیاییەکان فاکتەری سەرهەڵدانی ژانری نوێ یە لە کایەی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی دا.
2. ژانر و فۆرماتی تەلەفزیۆنی لە گەشەسەندنێکی بەردەوامدان، ڕاڤەکردنیان بە پێی نەریت و مۆدێلە پۆلێنسازیی بوارەکانی تر گەنجاو نییە، چونکە ژانری تەلەفزیۆن تەنها وابەستە نییە بە دەق ، بەڵکوو بونیادێکی کولتووری – تەکنەلۆژی هەیە.
3. هەر شتێک لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن نمایش بکرێت خۆی لە یەکێک لە ژانرەکان دەبینێتەوە. بەشی زۆریشیان زادەی ژانرەکانی پێشخۆیەتی یان لەئەنجامی گۆرانکارییەکانی ژینگەی میدیا و ئاوێتەبوونی دوو ژانرەی جیاوازە هاتوونەتە کایەوە.
4. لەسەر ئاستی گشتی ناوەڕۆک کەناڵی کوردسات، زۆترین پانتایی بۆ فیلمی دۆکیۆمێنتاری و لەسەر ئاستی بەرنامەی ناوخۆیی کە بەرهەمی کەناڵەکەن زۆرترین پانتای بۆ پۆلێنی ژانرە گفتوگۆئامێزەکان تەرخان کردووە بە دیاریکراویش (چاوپێکەوتن و دیالۆگ).
5. لەڕووی ژانری نوێ و لێکدراوەوە کەناڵی کوردسات بایەخێکی ئەوتووی بەو ژانرە لێکدراوەکان نەداوە وەک ( دراماليتی، دۆکیوسۆپ، مۆکیومێنتاری....تاد).

6. لەڕووی بابەتەوە، هەردوو کایەی کولتووری و خۆشباری لە ریزبەندی پێشەوەی بەرنامەکانی کەناڵی کوردسات پێک دەهێنێت.

7. هاوردەکردنی فۆرماتی نێودەوڵەتی تێچوویەکی زۆری پێویستە بۆیە بەرجەستەکردنی فۆرماتی لە کەناڵەکە دا زیاتر لە پۆلێنی دراما و فیلمی دۆکیومێنتاری دایە.

8. فۆرمات/ژانر گۆڤاری تەلەفزیۆنی کە زادەی میدیایی چاپەمەنییە و لە ڕووی برگە و بابەتەوە فرەچەشنە لەسەر ئاستی گشتی بەرنامەکان بە پلەی دووەم دێت. گۆڤاری تەلەفزیۆنی گوڵبژێری سەرجەم بابەتەکانی تەلەفزیۆنیە ، هەر لە بوار ، کایەك شتێك لە خۆ دەگرێت.

سەرچاوە:


1. Esser, A. (2013). TV Formats: history, theory, industry and audiences. *Critical Studies in Television*, *8*(2), vii.
2. Oren, T., & Shahaf, S. (2012). *Global Television Formats: Circulating Culture, Producing Identity*. Routledge.
3. Scolari, C. A. (2013). Media evolution: Emergence, dominance, survival and extinction in the media ecology. International Journal of Communication, 7, 24.
4. MILLER, Toby. *Television studies: The basics.* London - New York: Routledge, 2010.
5. *Genre*. (n.d.). Oxford Reference. https://doi.org/10.1093/oi/authority.20110803095846831
6. Todorov, T., & Berrong, R. M. (1976). The Origin of Genres. *New Literary History*, *8*(1), 159–170. https://doi.org/10.2307/468619
7. Fowler, A. (1982). *Kinds of Literature: An Introduction to the Theory of Genres and Modes*. Harvard University Press.
8. Miller, C. R., & Kelly, A. R. (2016). *Emerging Genres in New Media Environments*. Springer International Publishing.
9. Popken, Randall. 1999. The Pedagogical Dissemination of a Genre: The Resume in American Business Discourse Textbooks, 1914–1939. JAC: A Journal of Composition Theory 19.1: 91–116.
10. Devitt, A. J. (2004). Writing Genres. United States: Southern Illinois University Press.
11. Bakhtin, M. (1986). The problem of speech genres. In Speech genres and other late essays (pp. 60-102). Austin: University of Texas Press
12. REIFF, M. J., & BAWARSHI, A. (Eds.). (2016). *Genre and the Performance of Publics*. University Press of Colorado. http://www.jstor.org/stable/j.ctt1b3h9s8

13. Altman, R., & Institute, B. F. (1999). *Film/Genre*. British Film Institute.

14. Feuer, J. (1992). *Genre study and television, [w:] Channels of Discourse, Reassembled: Television and Contemporary Criticism, red. RC Allen*.

15. Silverblatt, A. (2015). Genre Studies in Mass Media: A Handbook. (n.p.): Taylor & Francis Group.

16. Jensen, K. B., & Helles, R. (2011). The internet as a cultural forum: Implications for research. New Media & Society, 13(4), 517-533. https://doi.org/10.1177/1461444810373531

17. Newcomb, H. M., & Hirsch, P. M. (1983). Television as a cultural forum: Implications for research. *Quarterly Review of Film & Video*, *8*(3), 45–55.

18. *Schema Theory and the Interpretation of TV*. (n.d.). Retrieved July 30, 2024, from http://www.visual-memory.co.uk/daniel/Documents/short/schematv.html

19. Frye, N. (1990). *Anatomy of Criticism: Four Essays*. Penguin.

20. Stam, R. (2017). *Film Theory: An Introduction*. Wiley.

21. Williams, R., & Williams, E. (2003). *Television: Technology and Cultural Form*. Routledge.

22. O'Donnell, M. C., & Stevens, A. H. (2020). *The microgenre: a quick look at small culture*. Bloomsbury Publishing. https://doi.org/10.5040/9781501345845

23. Moran, A. (2009). *TV Formats Worldwide: Localizing Global Programs*. Intellect. https://books.google.iq/books?id=TfH0wlwGJ5cC

24. Bignell, J., & Woods, F. (2022). *An Introduction to Television Studies*. Taylor & Francis.

25. Keinonen, H. (2016). Television Format as Cultural Negotiation: Studying Format Appropriation through a Synthesizing Approach. *VIEW Journal of European Television History and Culture*, *5*(9), 60-71. https://doi.org/10.18146/2213-0969.2016.jethc103

26. Chalabi, J. K. (2015). *The Format Age: Television's Entertainment Revolution*. Polity Press.

27. Government of Canada, C. R. and T. C. (CRTC). (2002, March 25). *Television Program Categories*. https://crtc.gc.ca/canrec/eng/tvcat.htm

28. Öztürkmen, A. (2018). "Turkish Content": The Historical Rise of the Dizi Genre. *Tv/Series*,

29. *Booming Turkish TV drama industry captures hearts and minds worldwide and boosts tourism*. (2024, July 12). AP News. https://apnews.com/article/turkey-tv-drama-series-istanbul-tourism-dizi-d9b908cad575755e1118312cbb0187ad

30. Habibi, N. (2015). Turkey's Dizi Industry Deserves More Attention. *Hurriyat.*

31. Campbell, M. (2007). The mocking mockumentary and the ethics of irony. *Taboo: The Journal of Culture and Education*, *11*(1), 8.

32. Paget, D. (2011) No Other Way to Tell It: Docudrama on Film and Television. Manchester: Manchester University Press

33. Bradley, P. (2014). Scripting the real: Mike Leigh's practice as antecedent to contemporary reality television texts The Only Way Is Essex and Made in Chelsea. In *Screenwriters and Screenwriting: Putting Practice into Context* (pp. 170–186). Springer.

34. Dowd, G., Stevenson, L., & Strong, J. (2006). *Genre Matters: Essays in Theory and Criticism*. Intellect Books Limited.

35. Hoff, J. A. (2016). Gender, Genre, and "Quality" Television: The Field of Television Production in America from 1951-2013.

36. Gross, L., Gross, B., & Perebinossoff, P. (2012). *Programming for TV, Radio & The Internet: Strategy, Development & Evaluation*. Taylor & Francis.

37. Hope, W., & Johnson, R. (2004). What is an Infomercial? *Advertising & Society Review*, *5*(2).

# Taxonomical Approaches of TV Genre and Formats in the Age of Intermediality

**Abstract**:

There are only two main approaches to classifying television content: either by format or genre. These two approaches interpret and classify programs according to subject, visual elements, target audience, and production mood. The evolution of the media ecosystem and the adaptation of media species to the new conditions affect the dominant traditional TV genre and format. Due to these simulation processes, new genres emerge from media convergences, and traditional genres adapt to new generic characteristics. Hence, television format functions as a recipe consisting of how-to-make distinctive elements of television programming, which considers another catalyst. This paper tries to reevaluate the taxonomies of TV program categorization, aiming to go beyond the traditional genres of television programs. In the age of intermobility, genre conventions have changed, and TV genres develop and transform into new formulas. This paper critically analyses a body of TV programs to discover the major changes in the genre and format of Kurdish television, sampling the Kurdsat channel program over the past 21 years. The paper concludes that Kurdish channels are saturated with traditional genres, in particular conversational-based genres therefore failed to adapt to new genres and global TV formats.

**Keywords**: Genre, Format, content taxonomy, TV program, Intermediality